

# تێکۆشان

ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران


بۆ گەیشتنی گەلی کورد بە مافە رەواکانی و رووخانی ڕژیمی ئاخوندی و دامەزراندنی حکومەتێکی دیموکڕاتی و پاڕلمانی، تێدەکۆشین.

ژمارە: ٣٢٢ سی و شەشەمین ساڵ ، ٣٠ پووشپەڕی هەزار و سێسەد و نەوەد و نۆ ی کۆچی خۆری بەرانبەر بە ٢٠ی جولای دوو هەزار و بیست ی زایینی




# ڕاگەیندراوی کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، بەبۆنەی دەیەمین ساڵیادی کۆچی دوایی مامۆستا سەید جەلالەدین حوسەینی، ڕێبەری نەتەوەیی و دامەزرێنەری سازمانی خەبات.



دڵسۆزان و تێکوشەرانی خەباتی ڕەوای گەلی کورد! هاو نیشتمانیانی خۆشەویست،! ئەندام وپێشمەرگە و لایەنگرانی بە وەفای سازمانی خەبات!

٣٠ پوشپەڕ لە مێژووی بزاڤی ڕەوای نەتەوەکەمان دا بە گشتی و،لە مێژووی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دا بەتایبەتی، بیرەووەری ڕۆژێکی لە بیر نەچووەو و ساڵڕۆژی کۆچی دوایی کەسایەتێکی نیشتمان پەروەر، مامۆستایکی ئایینی و نەتەوایەتی، ڕێبەرێکی جێگای متمانەی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان، پشت و پەنای ئازادیخوازان و دادپەروەرانی راستەقینە و، نەیاری بە بڕوا و شێلگیری دژمنانی مرۆڤایەتی و مافەکانی مرۆڤ، بەتایبەتی رژیم ئاخوندی و دەسەلاتی ویلایەتی فەقیە و دیکتاتۆرانی زاڵ بە سەر نیشتمان و چارەنووسی کورد و کوردستانەوە ، مامۆستا سەید جەلالە دینی حوسەینیە، کە یادکردنەوەی ئەم ڕۆژە وەک وەفایک بۆ مرۆڤە تێکۆشەر و ڕێبەرە دیار و دڵسۆزەکانی نەتەوە و نیستمانمان، ئەرکی سەرشانی هەمووانە. مامۆستای ڕێبەر و دڵسۆزی نەتەوەو نیشتمان،خاوەن بڕیار و بیرو باوەڕی نە گۆڕ و جێی متمانەی نەتەوەکەی بوو، بیرو باوەڕێک کە هەڵقولاوی خواست و ئاوات و ئامانجی کۆمەلانی مافخوازاوی کوردستان و تێکڕای ئازادیخوازانی بە دوور لەبیرو باوەڕی بێگانە بوو.هەر بۆیە دەبێ بلێن کە هەوڵ و تێکۆشان و فیداکاری و دڵسۆزی تا دواکاتەکانی ژیانی سەربەرزانەی پڕ لە ڕەنج و ماندوبون و کوێرەوەی، بەلام لێوڕێژ لە شەرەف و شانازی و سەروەری، لەڕاست دەربڕینی ڕاستی و دادپەروەری کۆمەلایەتی و رزگاری و ئازادی مرۆڤ و ئاوەدانی و پێشکەوتن، بەبێ دوو دڵی و بەو پەڕی هومید بە گەیشتن بە ئامانج،لە تێکڕایی ژیانی خەباتگێری ومافخوازی دا، کارێکی گەلێک گرانەوە و ڕەنگە بەهەموو کەس نەکرێ .

زۆر دەگمەن و دانستەن ئەو مرۆڤ و پیاوە هەڵکەوتوانەی گەلەکەمان کە هەم زانا و بەتوانا و هەم خەباتگێڕو ڕێبەر، هەم کەسایەتی سیاسی و خاوەن تەگبیر و ڕێنوێن و، لەگەڵ دۆست نەرم و نیان و لەبەرانبەر دژمن و نەیارانی گەل و نیشتمان دا سەر سەخت و خۆراگرو بە بڕیاربن. سەرکردەی بەتوانا و ڕێبەری لێهاتوو و زان و ئەدیب وشارەزا و خۆشەویست و خۆنەویستمان، لەو مرۆڤە دەگمەن و هەڵکەوتوانەبوو، کە تا دوا ساتەکانی ژیانی لەپێناو رزگاری و سەرفرازی گەل و نیشتمانەکەی دا خەباتی کرد . بەو پەڕی متمانە بە خۆ بوون چ لە بواری سیاسی و چ لە بواری هونەری ڕێبەریکردنی جەماوەر و چ لەبواری هاودەنگی و یەکریزی و هاوکاری خەباتکاران لەبەرانبەر نا عەدالەتی و دواکەوتوویی و دیکتاتۆری دا، نەگۆڕ و خۆراگر ڕاوەستا. مامۆستا هاودەم وهاوڕێی شۆڕشگێران وپشت و پەنای لێقەو و ئازادیخوازان بوو. لای مامۆستا گەل و نیشتمان یەک بوو. دانیشتوانی نیشتمان وەک یەک خاوەن مافی ژیان و ئازادی بوون، هەر بۆیە لەو پێناوە دا ڕێبازێکی پڕا و پڕ کوردانە و بەدوور لە ڕەنگ و بۆی دەرەکی و بیگانە بە کوردایەتی، گەلالە کرد ولە قەوارەی تەشکیلاتێکی سیاسی خەباتگێڕ و تێکۆشەر و ڕێباز روونی خۆماڵیانەی کوردی دا، بەناوی سازمانی خەبات.ی کوردستانی ئێران دامەزراند، کە لە سەرەتای دروست بوونیەوە تا ئێستا جێگای باوەر و خۆشەویستی کۆمەلانی کوردەواری بوە و هەیە.ئەوەی کە بۆ ئێمە قوتابی و ڕێبوارانی ڕێگای ئەو سەرکردە و ڕێبەرە ڕێباز روون و دیارە جێگای شانازیە ، بیر و ئەندێشە و تێڕامان و ڕەفتار و وتارە ڕاست و بێ پەڵە و تێروانیەنەکانیەتی لە بارەی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ بە بێ جیاوازی ڕەگەزی ،نەتەوەیی ، ئایینی و ڕەنگ و ڕواڵەتەوە و ..هتد.

هاونیشتمانیانی تێکۆشەر!

لەم یاد و بیرەووەریە خەمناکە دا، ئەوەی کە زیاتر بۆ ئێمەی پەیڕەو و ڕێبوارانی ڕێبازی مامۆستای نەمرمان زیاترجێگای کەسەر و داخە و وەک کەلێنێکی دیار وپڕ نەبووەوە دێتەبەرچاو، نەبوونی مامۆستایە لە هەڵ و مەرجی سیاسی وپڕ مەترسی ئەمرۆی کوردستان و چۆنیەتی خەبات و تێکۆشانی گەلەکەمانە، چونکە بوونی کەسایەتی و سەردەرچوێکی شارەزا و دوور بین و خەسارناس و هاندەری خەباتکاران لە پێناو خەبات و تێکۆشان بۆ یەکرێزی و هاوکاری لە پێناو قۆستنەوەی دەرفەت و هەلە هەڵکەوتووەکان دا،بە ڕوونی خۆی دەنوێنێ . سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، لە دەیەمین ساڵیادی فەوت و کۆچی دوایی ئەم مرۆڤە بەرز و بەنرخ و خاوەن ئەزموون و شۆڕشگێڕە کوڵنەدەرە دا، لەم هەل و مەرجە تایبەتیەی کە بە هۆی بەلای دنیاگیری کرۆنا لەلایێک و، پیلان و بەرنامەی دژمنانی نەتەوەکەمان بۆ داگیر کردن و کاولکردنی نیشتمان و بە لارێدا بردنی بیرو ڕای گشتی لە حاست بزاڤی ڕەوای نەتەوایەتیمان لە لایەکی ترەوە ، داوا لە تیکڕای لایەنە سیاسی و خەباتکارەکانی دەربەست بە ماف و چارەنووسی گەلەکەمان و کۆمەلانی تینووی ئازادی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان دەکەین،کە یەکیەتی و هاوکاری خۆیان بپارێزن و لە هەر هەلێکی هەڵکەوتوو بۆ دژایەتی دژمنانی داگیر کەری کورد و کوردستان، کۆتایی نەکەن . هەر بەم بۆنەشەوە داوا لە تێکڕای ئەندام و لایەنگران و دۆستانی سازمانەکەمان دەکەین کە، لە پێناو گەشە و ......

لاپەڕەی 8


ڕگەیێندراوی کومیتەی ناوەندی بۆ یادی دەساڵەی کۆچی مامۆستا.


پەیامی ڕێکخراوەکانی ئافرەتانو لاون بۆ یادی ١٠ مین ساڵیادی مامۆستا. {2}


مەکتەبێک بۆ لێوە فێر بوون.{2}


مامۆستا شێخ جەلال حوسەینی. { 2 }


پەیامی مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە. { 3 }



پەیامی مامۆستا شێخ ڕەئوف حوسەینی { 3 } .


پەیامی مامۆستا عومەر عەسری و کاک جەعفەر حامیدی . { 3 }


یادی سەروەران . {5،4 }


ئاوڕێک لە بیر و هزری نەتەوایەتی و شۆڕشگێڕیێ مامۆستا . { 6 }


ڕەهەندە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی مامۆستا . { 6 }


بەڕێوە چوونی ڕێ و ڕەسمی یادی ١٠ ساڵەی کۆچی داویی مامۆستا . { 7 }


چەند هەواڵ ورووداوی گرینگی ئێران و جیهان . { 8 }

## پەیامی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی خەبات، بۆ یادی ده ساڵەی کۆچی دوایی ماموٚستا شێخ جەلال حوسەینی.



ئافرەتان و لاوانی تێکۆشەر!
خانەوادەی سەربەرزی شەهیدان!
هاونیشتمانیانی بەڕێز!
30ی پووشپەڕی ساڵی 1389 بەرانبەر بە 21 .7 .2010 ی زایینی،ڕۆژێکی ناخۆش و پڕ کارەسات بوو بۆ سازمانی خەبات و نەتەوەی کۆڵنەدەری کورد لە کوردستانی ئێران. لەم ڕۆژەدا دڵە گەورەکەی ماموٚستا شێخ جەلال کەسایەتی ئایینی وسیاسی بەرزی کورد ودامەزرێنەری سازمان لەلێدان کەوت و بەجەستە ماڵ ئاوایی لێکردین، بەڵام ڕۆحی هەر لەگەڵمانە و نەتەوەکەمان بۆ ساتێکیش ئەم ڕێبەرە جوامێرە لەبیر ناکەن. لەیادی 10 ساڵەی کۆچی دوای ئەم زاتە مەزنە سەری ڕێزو نەوازش دادەنوێنین بۆ گیانی پڕ لە فیداکاری و کوردپەروەری بەڕێزیان و سەرجەم شەهیدان.

بەڕێزان!. جەنابی ماموٚستا شێخ جەلال ی حوسەینی سەرکردە و ڕێبەرێکی بەتوانا و لێهاتوو، بەکردار تا دوایین هەناسەی ژیانی لەخزمەت دۆزی ڕەوای گەلەکەیدا مایەوە وخەمخۆرێکی راستەقینەی گەلی کورد بوو کە تەواوی ژیان و گوزەرانی خۆی تەرخان کرد بۆ کوردایەتی ونیشتمان پەروەری. ماموٚستا تەنها ڕێبەری هۆگرانی و شوێنکەوتوانی ڕێبازەکەی نەبوو، بەڵکو خۆشەویست و پەسەندی خەڵک بوو، زانایی و تێگەیشتوویی، توانا و لێهاتوویی لە سەرکردایەتی کردن، ماموٚستای کردبووە پایە و پاڵپشتی بەهێزی گەل و نیشتمان. ماموٚستا شێخ جەلالەدینی حوسەینی زانایەکی ئایینی بەتوانا و زاڵ بوو بەسەر هەموو بوار و پایەکانی ئایندا و چەندین ماموٚستا و کەسایەتی و پێشمەرگەی شۆڕشگێڕ لە مزگەوت و حوجرەی جەنابیانەوە پێگەیشتن.


ماموٚستا لەگەڵ سەرکردایەتی شۆڕش و زانایی ئایینی و کاریگەری وەک عەلامەی کوردستان، شاعیر، ئەدەب ناس و نووسەرێکی بەتوانا بوو. لەگەڵ ئەوەشدا ماموٚستا زمانەوانێکی لێهاتوو بوو، زمانەکانی کوردی و فارسی و عەرەبی بۆ نووسین و شیعرەکانی بەکارهێناوە و لە هەریەک لەو زمانانەدا شارەزایی تەواوی خۆی پیشان داوە.

ماموٚستا مرۆڤێکی نەرم و نیان، لەبەر دڵان، نووراني و هەروەها ئارام لەگەڵ گەورە و بچوک بوو، ئەو کەسانەی بۆ تەنها جارێکیش بە خزمەتی گەیشتبن شاهێدی گەورەیی و ناوازەیی ئەو زانایەن. هەڵسووکەوتی جوان و خەسڵەتی بەرز و تێگەیشتوویی ئەندامانی ریزەکانی ڕێکخراوەکانی سازمانی خەبات، ڕەنگدانەوەی پەروەردەی دروستی ڕێبازی پیرۆزی جەنابی ماموٚستا شێخ جەلالەدینی حوسەینی یە و چاونەترسی و ئازایەتی و سڵ نەکردنەوە لە دوژمن، وانەی سەرەکی خوێندکارانی ئەم ڕێبازەیە.

ئێمەی ڕۆڵەکانی نیشتمان، لە ٣٠ی پووشپەڕ و لە یادی کۆچی دوایی ئەم زاتە مەزنەدا، جارێکی تر پەیمان نوێ دەکەینەوە کە درێژەپێدەری ڕێبازی پیرۆزی بین و تا ڕوخان و لەناوچوونی ڕژێمی ئاخوندی و دەستەبەرکردنی مافەکانی گەلی کورد لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بین.
جارێکی تر بەرز و بەڕێزبێت ٣٠ی پووشپەڕ یادی ساڵرۆژی کۆچی دوایی جەنابی ماموٚستا سەید جەلال حوسەینی.
بڕوخێت ڕژێمی ملهوڕی ئاخوندی.
سەرکەوێت خەباتی ڕەوای گەلەکەمان.
ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران
دەستەی بەڕێوەبەری.

## مەکتەبێک بۆ لێوە فێربوون

نووسینی : شیلان مۆحەممەدی





بزوتنەوەی کورد بە درێژایی مێژووی بەرخودان و تێکۆشانی نەتەوەیی، لەڕەوتی خەباتی خۆی دا بە دەیان سەرکردە و ڕێبەری مەزن وزانای تێدا هەڵکەوتوون کە بەدرێژایی ژیانی خۆیان و بە دەریایەک لە ئەزموون و مەکتەبێک لە وانە و ڕێنوێنیان ئێمەیان گۆش داو پەروەردەیان کردین. هەر بەرهەمی ژیری و زانایی ئەوانە کە ڕێگای تێکۆشانمان بەردەوامە. ئەوانیش بۆ ئێمە بوونە پێشەوا و ڕابەر و سەرکردەمان و یادو ناویان هەمیشە بەزیندوویی دەمێنێتەوە لامان و بێگومان بە لێوەفێربوون و زیندوو هێشتنەوە و کردنە هێمای ڕێبەرانمان، خەبات و تێکۆشانی ئەمڕۆمان بەر ئەگرێ و سەرکەوتن مسۆگەر ئەبێ.گەلی کورد، ماوەی چەندین سەدەیە لەخەبات و تێکۆشان نەوێستاوەتەوە و خەباتێکی هەمەلایەنەی لەهەموو بەشەکانی کوردستان پێش ختسووە بەحوکمی بوونی سیستمی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان و سیاسەتی پاکتاوکردن و ئاسمیلای کورد، و زوڵم و زۆر و چەوساندنەوە بەردەوامەکان لەلایەن دەسەڵات و ڕژیمە دژە کوردەکانەوە، سەردەمانێکی سەخت بەسەر کورد دا تێپەریوە و بێگومان ئەگەر خەبات و تێکۆشانی گەلی کورد و ڕێبەرانی پێشەنگمان نەبوایە، ئاسەوارێک بەناوی نەتەوەی کورد و کێشەی کورد بوونی نەدەما.یەکێک لەو ڕێبەرە بلیمەت و دەگمەنانەی نەتەوەکەمان کە بە پێشەنگایەتی وفیداکاریی خۆی توانی لەسەر ڕەوتی ڕوداوەکان و خەباتی میللەتەکەمان شوێندانەری بە جێ بێڵێ، جەنابی ماموستا سەیید جەلال حوسێنیە، کە بە سوێندی یاسایی لە کۆمەڵەی ژێکاف، مێژووی کاری سیاسی خۆی دەست پێکرد و لە سەرخستنی خەبات بۆ ڕووخانی ڕژیمی پاشایەتی، گەورەترین دەوری گێڕاو و لەپاشانیش بە دامەزراندنی ڕێکخراوی نەتەوەیی و نیشتمانی بەرەنگاریی ستەمی ئاخوندان بوویەوە.

ماموٚستا سەیید جەلالەدین حوسێنی، ڕێبەری لێهاتوو و هەڵکەوتووی گەلی کورد و دامەزرێنەری سازمانی خەبات، هەر لەسەرەتاوە بەهۆی خۆشەویستی لەناو خەڵکدا، توانی دەسەڵاتی دیکتاتوری ئێران وەزاڵە بێنێت و خەباتی نەتەوەیی بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی بەرەو پێشەوە ببات.ماموٚستا بەهەست کردن بە بۆشایی سیاسی ناو جولانەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان لەو سەردەمەدا، قوتابخانە و ڕێبازێکی دامەزراند کە بوو بە مەکۆی پەروەردەی تێکۆشەرانی ڕاستەقینەی نەتەوەکەمان و قارەمانترین ڕۆڵەکانی کوردستانی لەئامێز گرت و بە پەروەردەی ڕێبازی کوردایەتی پەروەردەی کردن.ماموٚستا، لەو ڕێبازەدا کە دیاری کردبوو قوربانیەکی زۆری پێشکەش کرد بەخوێنی ڕۆڵەکانی و هەروەها توانایی و لێهاتوی و بیرو ئەندێشە مەزن و نەتەوەییەکان توانی سازمانی خەبات، لەڕۆژە سەخت و دژوارەکان ڕزگاربکا. ڕێبەرایەتی و ژیری وای کرد کە سازمانی خەبات و پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات ببنە نموونەی شۆڕشگێڕی و نیشتمان پەروەری.نەمانی ماموٚستای ڕێبەر بەجەستە، لەوانەیە خەسارەتێکی قەرەبوو نەکراوە بێ و ئەوەی دەتوانێ بەشێک لەو خەسارەتە کەم بکاتەوە، هەوڵ دان بۆ زیندوو هێشتنەوە و بەردەوامی دان و لێوەفێربوون لە ڕێباز و قوتابخانەی ئەو ڕێبەرە مەزنەیە کە پڕاوپڕە لە وانەی کوردایەتی و موقاوەمەت و خۆنەویستی و فیداکاری .ڕێباز و قوتابخانەی جەنابی ماموٚستا شانازیەکی گەورەیە بۆ هەر کەسێک کە ڕێگای شۆڕش بگرێتە بەرەو بیهەوێ لەپێناو ڕزگاری گەلی کورد دا، تێبکۆشێت، چونکە ڕێباز و قوتابخانەی ماموٚستا، بەجۆرێکە کە قوتابی و درێژەپێدەرانی بەشێوازێکی وا پەروەردە دەکرێن کە خۆشی ژیانیان لە ئازادی و ڕزگاری گەلەکەیان و خەبات کردن لەو پێناوەدا بدۆزنەوە.ئەوە دروشم و خەتی ماموٚستا بوو کە بە بەردەوامی تاڵی و ئازارەکانی گەلەکەی پێش هەموو خۆشیەکانی خۆی بخات و لەپێناو حەسانەوە و خۆشی خەڵکەکەی بۆ دەقەیەکیش حەسانەوەی نەبێ. ڕێبازی ماموٚستا، ڕێبازێکی تایبەت و بێگەرد بوو هەر لە سەرەتای دروستبونیەوە و بێگومان تا گەیشتنی گەلی کورد و ڕزگاری کوردستانی ئێران لەبندەستی ئاخوندانی گەندەڵ، هەر بە پاکی و بێگەردی دەمێنێتەوە و بەردەوام دەبێ لەسەر درێژەدان بە شانازی و دەسکەوتە پڕ بایەخەکان و تۆمارکردنی سەروەری.

ئێمە وەک قوتابی و درێژە پێدەرانی ڕێبازی جەنابی ماموٚستا سەیید جەلالی حوسێنی، پێویستە و دەبێ بەردوام سەروەریەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە وەک ئەڵقەیەک لەگوێ بکەین و لەبیرمان نەچنەوە، و بیرو هزر و تێڕوانینەکانی ڕێبەری گەورەمان، بکەینە هەوێنی خەبات و تێکۆشانمان.
گەورەیی و جوامێری ماموٚستا، و ئازایەتی و لەخۆبوردویی و فیداکاریەکانی، سازمانی خەباتی کوردستانی گەیاندە ئەو قۆناغەی ئێستا و کردیە یەکێک لە حیزبە سەربەرزەکانی مەیدان و خاوەن مێژوویەکی پڕ دەسکەوت و شانازی، بۆیە دەبێ ئێمە قوتابیانی ئەو ڕێبازە بتوانین بە پاراستن و زیندوو هێشتنەوە و بەردەوام بوون، نەهێڵین دەسکەوت و سەروەریەکانی ماموٚستای گەورەمان بەفیڕۆ بڕوات و بیگەیەنینە قۆناغی کۆتایی و بەئامانجی بگەیەنین.
سڵاو درود بۆ ڕۆحی ڕێبەری مەزنی گەلەکەمان ماموٚستا سەیید جەلالەدین حوسێنی بەردەوام و شەکاوەبێ ئاڵای بەرزی ڕێبازی پیرۆزی.


## ماموٚستا شێخ جەلالەدین حوسەینی!


نووسینی:رابەر سیوەیلی



کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لەبەرەبەیانی مێژووەوە بە خاکی پێگەیشتن و هەڵکەوتنی شۆڕەسوارو سەرکردەو ڕێبەری مەردو لەخۆبردوو نێوداربووە. ئەم نازناوەشی بەدرێژایی سەردەم و قۆناغە جیاوازو پڕ لە هەورازو نشێوەکان پاراستووەو دەیە لەدوای دەیە زاناو پێشەنگ و مرۆڤی خاوەن نەبەردیی پێشکەشی خەبات و بزووتنەوە ڕزگاریخوازییە نەبڕاوەکەی کردووە.
ماموٚستا شێخ جەلالی حوسێنی یەکێک لە دیارترینی ئەو ڕێبەرانەی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە کە ژیان و تەمەنی خۆی بەخشییە مافی ڕەوای میللەتی کوردی ستەمدیدەو لەو پێناوەدا سەربەرزانەو نەبەردانە ڕابردوویەکی زێڕین و پڕ خەباتی بۆخۆی و میللەتەکەی تۆمارکرد. بەندە وەکو ئەکادیمییەکی باشووری کوردستان، لەیادی دە ساڵەی کۆچی دوایی ماموٚستا شێخ جەلالی حوسێنی دا کورتەیەک دەربارەی وێستگەکانی ژیانی ماموٚستا دەخەمە بەردیدەو بەرگوێی نووسەران و بیسەرانی هێژاو قەدرگران، بەوهیوایەی توانیبێتمان مشتێک لەخەرمانی پڕ لە شانازیی ماموٚستا بەئێوەی بەڕێز ئاشنا بکەین...
ماموٚستا شێخ جەلالی حوسێنی کوڕی مەلا شێخ ساڵحی واژەییە، لە 18ی تشرینی یەکەمی 1928ز لە شاری بانە لەدایک بووە. لەتەمەنی شەش ساڵیدا خراوەتە بەر خوێندن و سەرەتا لای باوکی وانەکانی قورئان و زمانی عەرەبی و فارسی و نەحو سەرفی خوێندوە. پاشان بەفەقێیەتی ناوچەکانی (سەردەشت، موکریان، مهاباد، شنۆ، لاجان، پشدەر، مەریوان) گەڕاوەو ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی (مەلا باقری مەریوان) وەرگرتوە. دواتر وەک ماموٚستاو مودەریس لە شاری بانە و لە مزگەوتەکەی باوکی دەست دەکات بە وانە گووتنەوە. لەڕووی کاری سیاسیەوە، ماموٚستا شێخ جەلال لەدوای دروستبوونی کۆمەڵەی (ژ.ک) لە شاری مهاباد, لەساڵی 1945 بەڕێنوێنی شێخ عیزەدینی حوسێنی و حاجی ڕەحمان ئاغای ئیلخانی زادە و مەلا عەبدوڵڵای حەسار بووە بەئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ک)و لە ڕێوڕەسمی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە بۆکان بەشداربووە.ماموٚستا شێخ جەلال لەدوای ڕووخانی کۆماری مهابادو ئەو بارودۆخەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هاتە ئاراوە، درێژە بەکاری مەلایەتی خۆی دەداو چەندین زانای ئاینی لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستان لەسەردەستی ماموٚستا شێخ جەلال پێدەگەن و دەبنە ماموٚستای ئاینیی بەتوانا.
ماموٚستا شێخ جەلال لەبواری ئەدەب و نووسینی شیعریشدا دەستێکی باڵای هەبووە و لەساڵانی سەردەمی کۆمارو ڕۆژنامەی کوردستان شیعرەکانی بڵاودەکاتەوە.
زمانی شیعری ماموٚستا شێخ جەلال ململانێی سروشت و شۆڕش بووەو نازناوی شیعریشی (پەژار) بووە، دەتوانین بڵێین لە تایبەتمەندیەکانی شیعری ماموٚستا ئەمانە بوون:
یەکەم: ئاشتکردنەوەی ناتەباییەکان: لە زمانی شیعردا واقع پڕە لە ناتەبایی، شیعر بەواتای ڕێکخستن و هۆنینەوەی ئەم ناتەباییانە لە دێڕەکاندا، کە نمونەی ئەم جۆرە زۆرن لە شیعرەکانی ماموٚستا شێخ جەلال.
دووەم: دووبارەبوونەوەی لەیەکچووەکان: وەک قالبێکی باوی شیعری سەردەم.سێیەم: بوونی جۆراوجۆری لە شیعری (نیشتمانپەروەری و یەوینداری و کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی و پەروەرەدەیی و باری ژیانی ئازادی پێشمەرگەو شەهیدو هەروەها شیعری لاوانەوە.
چوارەم: بوونی دیالۆگ لە شیعرەکانیدا: لەوانەشەهیدو دایکی شەهید .پێنجەم: بیرکردنەوەیەکی کوردانە (زمان و ڕۆحی نەتەوەیی ) لە شیعرەکانیدا.شەشەم: تێکستی بەرگری (مقاومت): کە بەشێک لە بەیتە شیعریەکانی بەرگریانەن و دەتوانین بڵێین لە جۆری بەیتی بەرگرین.حەوتەم: شیعری پەروەردەی کۆمەڵایەتی و دینی. سەرەڕای ئەوەی لەبواری نووسینی پەخشانیش وەک لایەنێکی گرنگی ئەدەبی بەتوانا بووە.
ماموٚستا شێخ جەلال لە ڕاپەڕینی ساڵی 1979ی گەلانی ئێراندا, وەکو زانایەکی ئاینی بەنفوز ڕۆڵێکی گرنگی بینی لە هاندان و زۆر جاریش پێشڕەوی کردنی خەڵکی ناوچەی بانە و دەوروبەری دژی دامودەزگای ڕژێمی شایەتی. هەروەها بەمەبەستی بەڕێوەبردنی کاروباری خەڵکی و سەپەرشتی کردنی ناوچەکەو دەوروبەری، هەوڵی دروستکردنی شورای شاری بانەیان داو, بۆ ئەو مەبەستەش چەند کەسێکی سەر بەلایەنە جیاوازەکان خۆیان هەڵبژارد. لەوانە (میرزا عەبدوڵڵای نەعلبەندی نوێنەری شێخ جەلال و مستەفای ئەمینی نوێنەری موجاهیدین و کەسێکی تر بەناوی (ئەحمەدی میعمار) وەک کەسێکی سەربەخۆ. لە یەکەم کۆبوونەوەی شورادا (شێخ جەلال) بە بەرپرسی شورای شار هەڵبژێردراو، کارەکانی دیکەش بەم شێوەیە دابەشکران: میرزا عەبدوڵای نەعلبەندی بوو بە بەرپرسی شارەوانی و ڕەشید خانی ەحمەدی بوو بە بەرپرسی بارەگاکانی دەرەوەی شار بۆ کاروباری دێهاتەکان کە بریتی بوو لە سیانزە بارەگا. لەسەروبەندی دروستبوونی دەفتەری شێخ عیزەدینی حوسێنیشدا، ماموٚستا شێخ جەلال یەکێک بوو لە ئەندامانی دەفتەرو بەرپرسی هێزە سەربازیەکەی بوو، لەکاتی هێرشی ئەرتەشی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ناوچەکانی کوردستان لەکاتی شەڕی سێ مانگە (21ی ئابی 1979 – 21ی تشرینی دووەمی 1979) ئەم هێزە ڕۆڵێکی کاریگەری بینی لە بەرپەرچدانەوەی هێزەکانی ڕژێمی تازەو لەو پێناوەشدا شەهیدێکی زۆریدا. نمونەی هەرە بەرچاوی سەرکەوتنی ئەم هێزەش شەڕی (گاردی جاویدان) بوو لە بانە کە توانی ئەو هێزە تێک بکشکێنێ و, ڕۆژی دواتر (خومەینی) لە بانگەوازێکدا ڕایگەیاند کە دەنگی خەڵکی کوردستانی بیست. دیارە ئەوەش لەدوای ئەو شەڕە و چەند شەڕێکی تری ناوچە جیاجیاکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.
ماموٚستا شێخ جەلال لەدوای بێ هیوابوونی لەوەی ماموٚستا شێخ عیزەدین، دەفتەرەکەی ناکاتە ڕێکخراوێکی سیاسیی و چەکداریی، لەگەڵ کۆمەڵێک زانای ئاینیی و کەسایەتی دیکەی وەکو (مەلا خدری عەبباسی - مەلا کەریمی سەییادی - مەلا حوسێنی گورجی - ماموٚستا سەید خەلیلی شەریفیان ....) ڕێکخراوێک بەناوی (سازمانی خەباتی نەتەوایەتی و ئیسلامی کوردستانی ئێران) لە ڕۆژی 27ی ئابی 1980 دادەمەزرێنن و دەست دەکەن بەخەباتی سیاسی و چەکداری. تاکو ساڵی 2004و کۆنگرەی سێهەمی ڕێکخراوەکە، وەکو کەسی یەکەم مایەوە. بەڵام لەو کاتە بەدواوە، دەستی لە پۆستی سکرتێری هەڵگرت و بەکاروباری ئەدەبی و ڕاگایەندنەوە سەرقاڵ بوو. سەرئەنجام لە 21ی تەموزی 2010 لە یەکێک لە نەخۆشخانەکانی شاری هەولێر کۆچی دوایی کرد.

# پەیامی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە بۆ ٣٠ پووشپەر دەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ جەلال.





مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە، کەسایەتی دیارو تێکۆشەری کورد، بەبۆنەی 30ی پوشپەڕ، یادی 10 ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا سەیید جەلال حسەینی، پەیامێکی ئاراستەی سەرکردایەتی سازمانی خەبات کردووە، کە ئەمە دەقی پەیامەکەیە:

بەڕێزدەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران!
دەگەڵ سڵاوی گەرم و ئاواتی سەرکەوتن.
بەدڵەوە سوپاسی برای بەڕێز کاک عەلی بەهرامی دەکەم کە دوێنێ لە پێوەندییەکی تەلەفونیدا ٣٠ی پووشپەڕ ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستای نەمر مامۆستا سەید جەلالی حوسەینی ڕێبەری. لێوەشاوەی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی وەبیر هێنامەوە دەگەڵ هەموو جیاوازیکی تەمەن و پایەی کۆمەلایەتی، پێوەندی من و بنەماڵەکەم دەگەڵ مامۆستا زۆر کۆنە. ئەمن منداڵ بووم کە ئەو و ڕەحمەتی مامۆستا شێخ عزەدینی برا گەورەی لە گوندەکەی ئیمە خویندویانە و لە بەر ئەوەی بنەماڵەکەمان لەگەڵ ڕەحمەتی مامۆستا سەید حوسەینی مامۆستا و زاوایان یەک ماڵ بوون، هەر دووکیان زۆر ئۆگری بنەماڵەکەمان بوون و دواتریش کە ئەمن گەورە بووم و بۆ خویندن چوومە حوجرەکانیان، وەک کوڕی ماڵێ حیساب کراوم. خۆشحاڵم کە ئەو پێوەندییە کۆمەلایەتی و سۆزدارییەلە هەموو سەردەمەکان دا بەردەوام بوە تەنانەت کاتی ململانە سیاسییە بێکۆتاییەکانی کوردستانیش
دەگەڵ بوونی جیاوازیی بیر و بۆ چوون، بارە ئینسانی و کۆمەلایەتییەکە کەلێنی تینەکەوتوە.مامۆستا سەید جەلال وەک هەموو مرۆڤێکی دیکە لەباری فکری و سیاسیەوە گۆڕانی بە خۆیەوەدیوە، بەڵام ئەوەی تا دوا هەناسەی ژیانی بەردەوام باوەڕی پێی هەبوو، دوو شتبوون. یەکیان باوەڕ بە خوا و بنەما نەگۆڕەکانی ئایین، ئەویدیکەشیان بڕوا بە ڕەوایی داخوازیەکانی نەتەوەی کورد تا سەر سنووری سەربەخۆیی و پێویستیی خەبات و فیداکاری لە پێناوی وەدیهنانی دا.وەک زانیومە لە سەردەمی کۆمارەجوانەمەرگەکەی کوردستان دا، ئەویش و مامۆستا شێخ عیزەدینی براگەورەشی ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف بوون. بەڵام دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و ئەمجار بووژانەوەی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان، هیچوەخت بە ڕەسمی نەچوونە نێو ڕیزی ڕیکخراوەکانی ئەو حیزبەوە.بەلام بە درێژایی دەورانی خەباتی نهێنی حیزب هەموو کاتیک جێی متمانەی تیکۆشەرانی حیزب بوو و حوجرەی فەقێ کانیشی هەمیشە مەکۆی ئەو قوتابییە ئایینیانە بوو کە ئەندامی حیزبی دیموکڕات بوون و تەنانەت لە ڕێگای ئەوانەوە پێوەندی بە حیزبەوە دەگرت و بە ناردنی شێعرە نیشتمانیەکانی هاوکاری ڕۆژنامەی ،، کوردستان،، ئۆرگانی کومیتەی ناوەندی حیزبیشی دەکرد. لەو شێعرانەی لەو ڕۆژنامەدا چاپ کراون، ئەوەندی وەبیرم بێ یەکیان ،، وەفای زۆردار،، بوو، یەکیان وتوویژی نێوان کەروێشک و تاژی بوو، هی دیکەش هەنوون کە وەبیرم نایەنەوە.
لەسەردەمی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران دژی ڕژیمی حەمە ڕەزا شا دا لە حاڵێک دا ماڵەکەی کەمتر لە دوو کیلۆ میترلە پادگانی ئەرتەش دوور بوو و دەزگای جەهەننەمیی ساواکیش لە ،،بەرەمبەرەم،، نەکەوتبوو، مامۆستا سەید جەلال قۆلی هیممەتی هەڵماڵی و بوو بە پێشەنگ یان هەر نەبێ یەک لە پێشەنگەکانی بزووتنەوەی نارەزایی دژی شا لە شاری بانە. دوای ڕووخانی شا، مامۆستا بە هاوکاری چەند ڕێبەرێکی ئایینی ـ لەوانە مامۆستا مەلا خدری عەبباسی ـ سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانی دامەزراند کە هەر چەند سروشتێکی مەزهەبی پێوە دتار بوو، بەڵام ئامانجەکانی لە خزمەتی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەلکی کوردستاندا بوون.
لەو ماوەیەشدا هەرچەند ناکۆکی و ناخۆشی لە نێوان هێزە سیاسیەکانی کوردستان پەیدا بوو،بەڵام ئەو و سازمانەکەی هیچکات لە شاریگای کوردایەتی نەترازان و باوەڕیان بە هەقانیەتی داخوازەکانی گەلی کورد و تەبایی و هاوکاری نیوان هێز و لایەنەکانی کوردستان، لەق نە بوو.
لایەنێکی زەقی کەسایەتی مامۆستا سەید
لایەنێکی زەقی کەسایەتیی مامۆستا سەید جەلال توانای بەرزی ئەدەبی و شارەزایی لە زمانی کوردیدا بوو. مامۆستا هەم بە شێعر و هەم بە پەخشان خاوەنی قەڵەمێکی بەبڕشت بوو. ئەو بە دوو زمانی عەرەبی و کوردی بە دەیان و بگرە سەدان قەسیدەی نایابی لە پاش خۆی بەجێ هێشتوە و ڕەنگە بە فارسییش شێعری گوتبێ کە ئەمن بەبیرم نایەن. لەوانەش بگەڕێتەوە، شارەزایی و ئۆگرییەکی باشی بە مێژوو هەبوو. بەتایبەتی زانیارییەکی بەرینی لەسەر مێژووی ناوچەی بانە هەبوو کە دەکرا پێی بلێی مێژووی زنیدوو. بەش بەحاڵی خۆم زۆرجارم داوا لێکردوە کە ئەو زانیاریانە بێنێتە سەرکاغەز کە هیوادارم ئەو کارەی کردبێ.
ماوەتەوە ئەوە کە جارێکی دیکە گلەیی لە سازمانی خەبات و بەتایبەتی بنەماڵە بەڕێزەکەی بکەم کە تا ئێستا کارێکیان بۆ چاپ و بلاوکردنەوەی بەرهەمە ئەدەبییەکانی مامۆستا نەکردوە، بەرهەمێک کە بە باوەڕی من جێگای لە کتێبخانەی کوردیدا بەتاڵە. هیوادارم ئەمە دواگلەییم بێ و بە زوویی هەنگاوی پێویست بۆ بلاوکردنەوەی بەرهەمەکانی بهاوێژرێ.

بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستاوە سلاو بۆ گیانی پاکی دەنێرم، ڕێز بۆ خەبات و تێکۆشانی چەندین ساڵەی دادەنێم و سلامەتی و بەختیاری بۆ ئەندامانی بنەماڵە بەڕێزەکەی و هاوبیرەکانی بەئاوات دەخوازم.
عەبدوڵلا حەسەنزادە
1399/4/24

# پەیامی مامۆستا شێخ رەئوف حوسەینی، بۆ دەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستاشێخ جەلال.

بە ناوی خوداوە ندی بە خشندە و میهرە بان
ئە مرۆ دەهەمین ساڵرۆژی وە فاتی مامۆستای کوردایە تی و مە ردایە تی، مامۆستای زانا و خە باتکاری ڕاستە قینە ی گەلەکە مانە.
یادی وە فاتی مامۆستا سەیید جەلالەدینی حوسەینی یە.
مامۆستا ئە و خە باتکارە ی کە بە ماڵ و بە گیان خە باتی کرد دژی داگیر کە رانی کوردستان.
ئەوەی کە مامۆستا سەیید جەلالەدینی حوسەینی لە ڕێبەران و سەرکردەکانی دیکە جیادە کاتەوە ئەوەیە کە، مامۆستا جیاوازی نەدە کرد لەبەینی ئەولادی خۆی و ئەولادی خەڵک دا. هیچ کات ڕازی نەبوو پێشمەرگە بچنەوە بۆ جەولە بۆ کاری پارتیزانی و یەکێ لە کوڕەکانی خۆی لەگە ڵدا نەبێ. ئەو مامۆستایەی کە بەوە فابوو بەرامبەر بەو بەڵێنەی کەدابووی بەخاکی نیشتمان کە بۆ لەحزەیەکیش ئامادەنەبوو سازش لەگەڵ ڕژیم دا بکات و سەری دانەنەواند بۆ دژمن، ئەو مامۆستایەی کە لەبەرامبەر ڕژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان دا وەستایەوەو بۆ ساتێکیش فریوی دژمنانی نەخوارد.



لەسەردەمی ڕژیمی پاشایەتی دا وەک قەڵایەک بوو بۆ ئازادی خوازان، حوجرەو ماڵ و مزگەوتەکەی جێگەی حەوانەوەی ئازادیخوزان و فێربونی وانەی کوردایەتی و شۆڕشگێڕی بوو. لە کاتی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران و کوردستان لە دژی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پەهلەوی دا، بوو بە ڕابەرو پێشڕەوی خەڵکی وەزالاهاتو لەدەست دەسەلاتی داگیرکەر، بەچەک و بەهەموو جۆرێک پشت و پەنای پێشمەرگەی باشوری کوردستان بوو لەدەورانی شۆڕشی شاخ و لەکاتی ڕاپەڕینیشدا، لەڕادیۆ دەنگی خە باتی کوردستانەوە بەدەنگێکی زولاڵ و کوردانەوە رایگەیاند کە:( بەعس قڕانە، بەعس قڕان).
تەنانەت یەکەم شەهیدی راپەرین لە رانیەی دەروازەی راپەرین دا شەهید مریەم قادری ناسرواو بە گوڵەباخ ، پێشمەرگەی سازمانی خەبات بوو.
هەر بۆیە ڕێبازو باوەڕی بەتینی کوردایەتی مامۆستا سەیید جەلالەدینی حوسەینی، پاکترین و ڕاسترین ڕێبازەبۆ سەرکە وتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان.
مامۆستا سید جەلالەدینی حوسەینی، ئەو پیاوەبلیمەت و زانا و دانایە بوو کەهەموو تەمەنی خۆی لە پێناو بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەماندا تەرخانکرد و تێکۆشا، هەر بۆیە جێگای خۆیەتی یادی ئەو پیاوە مەزن و ڕابەرە دڵسۆزە لە یاد نە کرێ و هەمیشە یادی ئەو، سەر مەشقی وانەی خە بات و شۆڕشگێڕیمان بێت.
یادی مامۆستا هەمیشە بەرز و پیرۆزە و مقامیشی لە فیردەوسی ئە علابێت
سید ڕە ئوف حوسێنی ولاتی سوئێد
٢١ .٧. ٢٠٢٠

# پەیامی کاک جەعفەری حامیدی بە بۆنەی ساڵوەگەڕی کۆچی دوایی مامۆستا شێخ جەلال ڕێبەر و دامەزرینەری سازمانی خەبات.

دە ساڵ بە سەر کۆچی دوایی بەڕێز مامۆست شێخ جەلال حسێنی تێدەپەڕێ.لە دەستدانی ئەو تێکۆشەرە کەلێنێکی گەورەی خستە خەباتی کوردایەتیی و ئازادیخوزیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.
چۆنم ناسی: ساڵی ١٩٧٨ی(١٣٥٧) بەڕێزیان هاتنە شاری بۆکان و لە مزگەوتی ناوبازاڕی شار ووتەیەکی پڕ سۆز و هەستی کوردایەتی پێشکێشی سەدان کەس لە خەڵکی شار کرد.
من کە گەنجێکی تازە پێگەیشتووی چەپی شار بووم ، زۆر بە تێڕامانەوە ، گوێم دایە قسەکانی و هەر ئەو کات بەو ئاکامە گەیشتم کە مامۆستا شێخ جەلالی نەمر و کەسانی وەک بەڕێزیان کانگای بیر و هیزری کوردایەتین و دەبێ پشتیان بگیردرێ.
زۆری پێنەچوو لە گەڵ چەند ڕووناکبیرێکی دیکەی شاری بۆکان ( لە کاتی شەهیدبوونی ئەحمەد خانی ئەحمەدی) بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە بانە چوینە ئەو شارە.
هە زاران کەس لە خەڵکی شار لە دەرەوەو ناوەوەی مزگەوتی گەورە ی شار کۆببونەوە.
بە دیتنی ئێمە خەڵک بەرەوپیرمان هاتن.
مامۆستا شێخ جەلال ی نەمر لە نێو ئاپۆرای خەڵکە کە دا راوەستابوو، بە دەنگە رەساکەی بەرەو ئاپۆرای خەڵک قسەی کرد و فەرمووی:
ئەوانەش لاوانی بۆکانین و بۆ پشتیوانی ئێمە هاتوون ، ئیدی بەرەو پێشەوە گەلی تێکۆشەری بانە یی.
نەمر مامۆستا شێخ جەلال ; شیرین گوفتار، خۆش بەرخورد، دڵ ئاواڵە و تابلێی بە توانا بوو بۆ خزمەت بە گەلەکەی!
بەڕێزیان لە نووسین ، هۆزانبێژی و فۆرمۆلەکردنی هیزری کوردایەتیی لە نێو کۆڕی ڕێبەرانی ڕۆژهەلاتی کوردستان دا دیار بوو!
من هەمیشە ئارەزووم کردووە کە مامۆستایانی ئاینی کوردستان ڕێباز ی کوردایەتیی و خزمەت بەگەلیی ڕەوانشادانی وەک نەمران مامۆستا شێخ جەلال و مامۆستا شێخ عیزەدین حسێنی و مامۆستایانی بەرزی وەک مامۆستا مەلارەحیمی عەباسی، مامۆستا مەلا خالیدی عەزیزی و مامۆستا مەلا خدری سارتکێی و مامۆستا خدری عومەرزادە(دۆڵەگەرمێ) ودەیان مامۆستای پایەبەرزی دیکە بگرن.
یادی مامۆستا شێخ جەلال حوسێنی و هەموو مامۆستایانی ڕێبازی خواپەرستیی پاک و خەباتیی کوردایەتیی پیرۆز بێ.
سەرکەوێ خەباتی کوردایەتی هەموو هێزە کورد پەروەرەکانی کوردستان.
دڵسۆزتان
جەعفەر حامیدی
سی ویەکی پووشپەڕی ٢٧٢٠ ی کوردی.

# پەیامی مامۆستا مەلا عومەری عەسری، بۆ دەهەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستاشێخ جەلال.

یادێک و مێژوویە کی کورتی مامۆستا شێخ جە لال حوسینی.
مامۆستا سەید جلال کوڕی شێخ سالح لەساداتی بەرزنجەیە، لەئە سڵدا لەگوندی"واژە"ی شاربازێری"عێراق"بوون ولە وێوە هاتوون بۆشاری"بانە"ومزگەوتێکیان بۆبیناکردوە بەنێوی خۆی و ،بۆتە ئیمام ومودەڕیسی ئەومزگەروتە.دواتربۆتە قازی شەرعیش .مەلاشێخ ساڵح عالمێکی گەورەی دینی وناسراوی ناوچەکە و کەسایەتییەکی گەل ونیشتمان خۆشەویست ودۆستی نزیکی شیخ محەموود حەفید بووە .مامۆستا سەید عیزەالدین و مامۆستا سەید جەلال ،لەلای باوکیان دەستیان کردوە بەخوێندن ودواترچوون بۆفە قێیەتی . مامۆستا شێخ عیزەالدین بۆتەمەلای گوندی "کانییە ڕەش"لەناوچەی"بۆکان ئەو دووبرایە،هەرلەدەورانی فەقێیەتیانەوە ، وک دووکەسی زیرەک و وهەڵکەوتووی ناوچەکە گەشەیانکردوە،وناسراو وناوبەدەرەوەبوون .لەهەمان کاتدا،کەسانێکی سیاسی ونیشتمان پەروەرو گەل ونەرتەوە خۆشەویست بوون،و لەکاتیی خۆیدا بوونەتە ئەندامی کۆمەڵەی ژ-ک .مامۆستاسەیدجەلال هەروەک چۆن عالمێکی گەورەی عولوومی عەرەبی ودیندار و موسوڵمانیکی ڕاستە قینەبوو، شاعیرێکی خۆشزەوق وئەدیبێکی هەڵکەوتوو بوو.لەزەمانی کۆماریکەرستاندا زۆرجارشێعری لەڕۆژنامەی کوردستاندا بڵاوکردۆتەوە،ئەو لەژیانی خۆیدا،دەیان قەسیدە وپارچەشێعری کەم وێنەی،وتووە کەجێگای تەئیید و تەمجیدی کەسانی خاوەن نەزر بوون.ساڵی ١٣٣٣ی هەتاوی کەماڵی مامۆستا شێخ عیزالدین لە"گۆلێ" دەرکرابەتاوانی پشتیوانی لەڕاپەڕینی وەرزێران وهاتنە"قارەوایگەورە، گوندەکەی ئێمە "من بە خزمەت مامۆستا سەید جەلال گە یشتم، پایزی ئەوساڵە من و فەقێ قادری سیسیری ،لەخزمەتیداچووین بۆ"بالک" لەمەریوان.دوای دووساڵ گەڕاینەوە.مامۆستا ژنی هێنا و بو بەمەلای گەردیگلان، پاش ساڵێک چووە ئاجیکەندو دواتر چووە بانە. لەو دەورانا نەدا لەخزمەتی مامۆستا دەرسم خوێندوە ،وە ک کوڕی خۆیان هەڵسو کەوتیان لەگەڵ کردووم .حوجرەی مامۆستا مەکۆی سیاسەت وسرتوخورت وحەوانەوەی کەسانی سیاسی وقاچاغ بوو.لەهە موو بزووتنەوە کاندا بەپێی توانا بەشداری کردووە و یارمەتی داون. لەسەردەمی ئینقیلاب ودوای ئینقیلابیش،کەسێکی هەڵسووڕا وئازا ونەترس و خاوەن ڕەئیی وبۆچوون بوو.لەهەموو ڕووداو، شەڕ وموشکیلاتی ناوچەکانی کوردستاندا،بەخۆی وکوڕ وخزمەکانییەوە بەشداریکردووە ،ولەو ڕێگایەدا خوێنیشدا وزەرەری زۆری ماڵیشی کرد .پاش تەشکیلی "سازمانی خەبات"یش،ئەرک و وەزیفەی نیزامی و و سیاسی و دیپلۆماسی خاریجی وداخلی،بەشێوەیەکی زۆر باش بەڕێوەبردەوە،وقەت گەل ونیشتمانەکەی خۆیان،لەبیرنەکردوە. هیوادارم سازمانی خەبات درێژەدەری ڕێگای مەرحومی مامۆستا بێت، عومەرعەسری.سوئێد
٢٠٢٠/٧/١٦

# یادی سەرووەران.



شەهید عەبدوڵا محەممەدی

شەهید ئەبوبەکر محەممەدی

## سەرووەرانی گەل شەهیدان: شەهید ئەبوبەکر موحەممەدی ناسراو بە ئەبوبەکر چەکوشەی و شەهید عەبدوڵا موحەممەدی ناسراو بە عەبدوڵا نستانی.

هەر چەندیی کوردستان دەخەملێ و هەر چەندیی دیمەن دەڕەنگێ. هەرچەندیی گوڵ دەگەشێنەوە، و هەر چەندیی چیمەن دەڕازێنەوە، هەر چەندیی کەژوکێو دەبنە پەلکە حۆری، چەندیی گرد وڵکە دەبنە تۆپە گوڵ، چەندیی جۆگە و جۆبار دەبنە بەرۆکی زیوین بە بەرۆکی کەژ وکێودا، چەندیی سوور بەڵەکی لا نوالامان دەبیینن کە شەبەقی زیندوان لە قۆپنەی هەڵزجار و مەندی جاران دەداو ڕەنگی وانیش زیندوان سپات دەکات. هەر چەندی بولبول دەخوێنن و خوێن لە دڵی گوڵ دەزێنن، هەرچەندی قاسپەی بەر بەیانی کەوان خەوی شوانی شەوێن دەڕەوێنێ و باوێشکیان دەتارێنێ، چەندی شەنگە بێری بە گوڵینگەی توربینیان ئاگری دڵی ئەویندااران دەگەشێننەوەو بەخرینگەی هەیاسەیان، خورپە دەخەنە دڵی دڵدارانەوە و بە لەنجەولاریان بەندی دڵان دەشکێنن، چەندی گۆڕستانی کوردستان دەبنە بەهەشتی سەر زەوین. چەندیی گوڵان باڵایان بەباڵای کێڵان دەپێون و لاولاو پشتێنی کەسک لە کێلی وەجاغزادان دەبەستن. چەندی کۆڕی هەڵاڵە گەڕان گەڕی گۆڕی شەهیدان، کۆڕی شین دەبەستن وخۆڕا دەژێنن و بەشەرمەوە فرمێسک دەڕژێن، چەندیی نیازداران ڕێچکە دەخەنە ناو گۆرستان بەرەو چاک وپیران، چەندی چاومان لە هێزی داگیرکەرە کە گوڵزاری کوردستانمان لێ پێشێل دەکات، چەندیی قیسپی ئاسن دەبینین کە پەرژینی تەلدڕویان ڕاگرتووە، کەڕێمان نەبێ بچینە ناو نیشتمانی خۆمان، چەندیی گوێمان لە دەنگی تۆپ و بۆمب و ناپاڵم دەبێ کە زمانداروبێزمانی وڵاتەکەمان دادەچڵەکێنێ، چەندی خوێنی ڕژاو و مێشکی پرژاوی هاونیشتمانەکانمان دەبینین کە لەسەرخاکی خۆیان بەناڕەوا ڕژاون وپرژاون، چەندی دایکانی جەرگ سووتاو و باوکانی پشت شکاو دەبینین کە ڕۆڵەی شیرینیان ڕۆیشتووە و هاتنەوەی نییە، چەندی ژنانی ڕووسووری ڕەنگ زەرد دەبینین کە بەتەنیا بەسەر هێلانەی بێچوە ساوایانەوە مانەوەو دەروو ژوور دەکەن و بەڵام هەواڵێک لە هەڤاڵی خۆشەویستیانەوە نابیستن. چەندی پێرۆکان دەبینین کەسەری زمان و بنی زمان بابەیەو، بەڵام مەگەر لە خەودا بچنەوە باوەشیان و ڕومەت بە ڕومەتیانەوە نێن، چەندی بەندیخانەکان دەبینین کە لە تێگەیشتووە ئازادیخوازەکان پڕن و لە داد و بەزەیی چۆڵن، چەندی لە داری قەناری دەڕوانیین کە گیانی سەربەرزانی پێڕا هەڵدەچێ، بۆ بارەگای یەزادنی دادگەر و خودای چەوساوەکان، چەندی سینگی پڕ باوەڕ دەبینین کە بەرانبەر پیاو کوژانی بێ باوەڕ گیراون، کە بە گوللە ئاگر لە باوەڕیان بەردەن، چەندی گەمارۆی نیزامی و ئابوری دەبینین کە پەلە قاژەیی لە خەڵک بڕیوە و بێ هێزوتینی کردوون. چەندی پاسداری بەد ڕەفتار دەبینین کە بە چاوی شمرو یەزید دەڕواننە خەڵکی وڵاتەکەمان. چەندی ئاخوندی وڕێنە پەرەست دەبینین کە دەیانهەوێ بە فێڵ گەوهەری ڕاستی بە مووروو کەرانە لە دەست خەڵکی وڵاتەکەمان دەربێنن. چەندی دەڕوانین و دەبینین کە دژمن دژمنە و هەر بە دۆست نابێ، هەر چەندی ئەو سەوزو سوورو زەردو والایە دەبینین و ئەو هەموو ستەم وبێ داد وناڕەوایە دەبینین، ئەی شەهید! ئەی مردوویی بە نرختر لە زیندوو تۆ مان لا بەنرختر دەبێت و خوێنی ڕژاوی تۆمان بە جێتر دێتە بەرچاو. هەتا ئەو نیشتمانە جوانە پڕ لە بژێو وجێ ژیانە دەبینین و ئەو هەموو ناهومێدی و هەناسە ساردیەی گەل دەبینین، ڕێگەی تۆمان چاکتر لەبەرچاو شیرینە و مەرگی وەک مەرگی تۆمان پێ چاکتر لە ژینە. دەزانین تۆ ئەرکی خۆت بە جێ هێناو مەرگی پڕ لە شانازیت بۆ خۆت وەدی هێنا، ڕێی ڕاستت گرت و تازە هەڵە ڕوو لە تۆ ناکات ئەو دێڕە تۆ بە خوێنی خۆت کێشات. ڕاستە ڕێگەیە بۆ ژیانی بەسەر بەرزی و مەرگی پڕ لە شانازی. خۆشی بۆ شەهید، بۆ ئەویندارانی شەهید، خۆشی بۆ هەڤاڵی شەهید و بۆ ڕێبوارانی ڕێبازی شەهیدی ڕێی ڕاست، ڕێی خەبات و موبارەزەیە کە قارەمان باردەهێنێ و بە خوێنی شەهیدان، مێژووی پڕ لە شانازی دەڕەنگێنێ. . سەر بەرزی بۆ سازمانی خەباتی خوێناویە کە لە بەنرخترین کوڕی کوردستان هێزی قارەمانێتی پێک هێناوە و کاروانی شەهیدانی بەرەو بەهەشتی شەهیدان بەڕێ کردووە و پسانەوەی نابێ تاسەرکەوتن. جا باسی کامیان دەکەی کە یەکەو هەڵکەوتوو نەبێ، سەر گوزەشتەی کامیان لەسەر گوزەشتەی ڕوستەمی دەستان دەمێنێتەوە. بەڕاستی لە هەرچی دەدوێ و پێی هەڵدەڵێ دەبینی ناگەیە داوێنی لێهاتوویی، تا ئێستا چیمان باس کردبێ هەڵکەوتوو ناو دەرکەوتوو نەبوبێ؟باسی جوتێ شۆڕە سواری مەیدانی خەبات وگیانبازی دەکەین کە ڕوناکی باوەڕیان چۆڵە چرای شۆڕشگێڕان بوو، دوو قارەمانی لە خۆ بردوو کە لە پاکی و ڕاستیدا کەم وێنە بوون. شۆڕە سوار کاک ئەبوو بەکری محەممەدی ناسراو بە(ئەبوبەکر چەکوشەی) کوڕی محەممەد لە دێی چەکوشەی ناوچەی گەورکی سەقز لە ساڵی 1342دا لەبنەماڵەیەکی ڕەنجدەر لە دایک بوو. چەند ساڵێکی خوێندنی سەرەتایی خوێند، پاشان بۆی نەکرا کە درێژە بەخوێندنی بداو لەگەڵ کەسووکاری خەریکی کشتوکاڵ بوو. لە زستانی 1358هاتە ڕیزی هاوباوەڕانی سازمانی خەباتەوە، ماوەی دوو ساڵ و پێنج مانگ پێشمەرگایەتی کرد پاشان لەبەر هێندێک گیروگرفتی خێزانی چووەو ڕیزی پێشمەرگایەتی بە جێهێشت، بەڵام لەسەر باوەڕی خۆی جێگیربوو و پەیوەندی بە سازمانی خەباتەوە نەپچڕی و نزیک بە سێ ساڵ خەریکی کاری ژیان بوو، ئەو ماوەیە دڵی هەر لە لای هاوباوەڕانی بوو، تا لە 5 ی سەرماوەزی 1364دا هاتەوە ناوڕیزی پێشمەرگایەتی و چەکی خەباتی لە سازمان دا هەڵگرتەوە و بە ئیمانێکی پتەوترو بڕیاری لێبوردوانەوە دەستی کردەوە بە کار لە مەڵبەندی 3ی سازماندا و دوای ماوەیەک بوو بە فەرماندەی لقی شەهید تەها سوور. شەهید ئەبوو بەکر لە جەنگەکانی زستانی ١٣٥٨و بەهاری ١٣٥٩ لە کامیاراندا چەند مانگێک هاوبەشی کردو هەروەها لە جەنگەکانی ساڵی ١٣٥٩ و ١٣٦٠ لە ناوچەی بانە و بۆکان بەشدار بوو. پێشمەرگەیەکی ئازاو لێهاتوو بوو شەهید ئەبووبەکر کە زۆر جێگەی هیوای شۆڕش و وەرەی ئاوالان بوو بە داخێکی گرانەوە لە بەیانی ٧/٤/١٣٦٥ دا لە شەڕێکی چەند ساعەتی دا کە لە پشت دێی سالۆکی ژووروی ناوچەی بانە کرا، دژمن زیانێکی زۆری لێکەوت، بە گوللەی تۆپی سەدو شەش، لەگەڵ هەڤاڵی عەبدوڵا نستانی پێکراو گیانی فڕی بۆ کۆڕی شەهیدان، تەرمی پیرۆزی لە گۆڕستانی سالۆکی خواروو لەناو کۆڕی گۆڕی شەهیدانی سازمانی خەبات نێژرا.

هەزارانی سڵاو لە گیانی پاکی بێت.

شەهید عەبدوڵا محەممەدی ناسراو بە عەبدوڵا نستانی کوڕی ئەحمەد لەساڵی 1343دا لە بنەماڵەیەکی وەرزێر لە دێی نستان لە دایک بوو. لەبەر ناجۆری ژیانی بنەماڵەکەی و نەبوونی ئیمکاناتی خوێندن نەیتوانی بخوێنێ. کاک عەبدوڵا لە منالییەوە بە پاکی وچاکی بار هاتبوو بە پاکی و دروستکاری مایەومو ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ لێی زیاد دەکرد. شەهید عەبدوڵا هەستی بە ستەملێکراوی گەلی کورد دەکرد. لە سەرەتای شۆڕشەوە پەیوەندی لەگەڵ سازمانی خەبات بوو، تا ١ی/ جۆزەردانی/ ١٣٦٢ دا، هاتە ناو تەشکیلاتی سازمانی خەبات لە ناوچەی سەردەشت و زۆر بە پاکی و لێبوردوویی ئەرکی پێشمەرگایەتی بەجێ دەهێنا. شەهید عەبدوڵا پێشمەرگەیەکی دڵسۆز و بەرهەست بوو، بەوپەڕی بێدەر بەستیەوە لەناو سازمان دا بەرهەڵستی نارەواو نا دروستی بوو.شەهید عەبدوڵا دوور بوو لە هەموو نارێکی وبێ نەزمی، بە جۆرێک وا کە چەندە بەهۆی نەخوێندەوارییەوە پلەی سەر دەستەی سەر نەکەوت، بەڵام نرخێکی مەسئولێکی بەرزی لە باری دڵسۆزی و قسە دروستییەوە بۆ دادەنرا. شەهید عەبدوڵا لە جەنگەکانی سازمانی خەبات لە ساڵەکانی ١٣٦٢و ١٣٦٣و ١٣٦٤ لە ناوچەی سەردەشت بەشداری کرد و هەروەها لە جەنگەکانی ١٣٦٥ لە ناوچەی بانە تا ڕۆژی شەهید بوونی هاوبەش بوو. شەهید عەبدوڵا پێشمەرگەیەکی لەخۆ بردوو چاونەترس بوو. بە داخێکی گرانەوە لە بەیانی ٧ی /پووشپەڕی/ ١٣٦٥ لە پشت ئاوایی سالۆکی ژووروو لەناوچەی بانە لە گەڵ هەڤاڵێکی تێکۆشەری بە ناوی ئەبوبەکر چەکوشەیی بە تۆپی سەدو شەش پێکراو گیانی بە ئیمانی فڕی بۆ ناو هەڤاڵانی لە بەهەشتی شەهیدان و تەرمی پیرۆزی هەر دووک لاوی قارەمان لە گۆڕستانی سالۆکی خوارو لەناو کۆڕی گۆڕی شەهیدانی سازمانی خەبات نێژران و چونە لای براکانیان شەهید جەلال عەبباسی و شەهید عابید فەیزیان و شەهید ئەمیر مەریوانی و ئەستێرەی 5پەڕی شەهادەتیان پێک هێنا.



شەهید مام سەلیم قادری

## سەرووەری گەل: مام سەلیم قادری.

زۆر شت هەن کە مۆری نەستەقی و ڕەوایی بە سەرتاپای ڕزگاری کورد و کوردستانەوە دەنێن و ئازادکردنی کوردستان مسۆگەر دەکەن، جا یەکێک لەوانە بەشداری بەرینی جەماوەری خەڵکی کوردستانە بە هەموو چین وتوێژەکانیەوە، با بڕوانینە دەفتەری سەرووەران ئەو دەفتەرەی ناوی سەرووەران واتە شەهیدە سەربەرزەکان بۆتە گوڵی هەموو ڕووپەڕەکان، دەبینین هەر لە لاوی ژێری 18 ساڵەوە هەتا پیری 75 ساڵە لە پێناو ویستی گەلە بەشخوراوەکەیاندا هەتا بەرزترین پلەی تێکۆشان واتە شەهید بوون وگیان بەختکردن سەر دەکەون. با لەم ڕۆژە پیرۆزەدا کە یادکردنەوەیە لە شەهیدان و دەرس وەرگرتن لە کردەوە هەرە باشەکانیانە، یادی وەفاداری پیرە پیاوێک بکەین کە هەموو تواناى بەدەنی بۆ هەڵگرتنی چەکێک بە کاربرد کە بڕواو لە بن دوەنان دژی داگیرکەران سەنگەر بگرێ و لە پێناو گەلەکەیدا دوا بەشی تەمەنی درێژی، پێشکەش بە نەوەی داهاتووی کورد بکا و لە مەیدانەدا جێ بکاتەوە. دوژمنی کورد بزانێ کە شەهید مام سەلیم ئەو شێرە پیاوەی ڕۆژی تەنگانەو هەموو شەهیدەکانی دیکە، ڕێ نیشاندەری ڕێگەی فیداکاری و شۆڕشگێڕەکانن و پاش شەهید بوونیشیان یادەکەیان هاوباوەڕانی زیاتر هان دەدا بەرەو خەباتێکی سەرکەوتوو و شۆڕشێکی ڕەوا. هێزە بە کرێگیراوەکانی کۆماری ئیسلامی کە چاویان بە ئازادی کوردستان هەڵنەهاتووە و هەڵنایە، ڕۆژی 6/گەلاوێژ/1360 لەشکرێکی تەیار بە تۆپ و تانک و خۆمپارە و هەموو چەکێکی مۆدێرن لە بانەوە بەرەو سەردەشت وەڕێخست. پێشمەرگە هەمیشە وریاکانی کوردستان بۆ ئەوەی کە پێیان بسەلمێنن کە کوردستان تەنیا وەک گۆرستان دوژمنانی گەلی کورد وەردەگرێ، لە نزیک (زەرواو) لە سەر جادەی بانە سەردەشت سەنگەریان لێگرتن و دایاننەبەر ئاگری توند و دوژمن تەزێن و تەواوی ئەو هێزە تەیارەیان تێک شکاند و تەفروتونایان کردن و زیاتر لە 50 کەس لە ئەفرادی دوژمن کوژران و 62 کەسیان لێ بریندار بوو و زیاتر لە دە دەزگا تانک و ماشێنیان لە کار خرا و سووتێندران و زیاتر لە 50 قەبزە تفەنگ و هەزاران فیشەک کەوتە دەست پێشمەرگەکان. بەڵام بە داخێکی گرانەوە پێشمەرگەیەکی سازمانی خەبات ، پیرێکی ناو سەنگەری شەرەف و کوردایەتی بە ناوی سەلیم قادری کوڕی فەتاح خەڵکی گوندی (یاکویاوایی) ناوچەی بانە بە گوللەی ڕەشاشی هەلیکۆپتەر پێکراو و لە تەمەنی 64 ساڵیدا شەهید بوو. شەهید مام سەلیم قادری پیاوێکی ئازاو کوردێکی کورد خۆشەویست بوو. پێی وابوو ئازادی کوردستان و ڕزگاری گەلی کورد دەبێ بە خوێن بکرڕێ و سەنەدی ئازادی کورد بە خوێنی شەهیدان مۆر بکرێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی هەموو شەهیدان.




شەهید عابید فەیزیان

## سەرووەری گەل: شەهید عابید فەیزیان.

هەموو ئاکارێکی گەلی کوردی بەشخوراوی خاک دابەشکراو، هەموو ئاکارێک لە شۆڕشی کوردستانی ئێران نیشانەی لێبڕان و پاکی و کوردایەتیەکی بێخەل و خەشە. چەند ورد دەبینەوە لە ڕیزی شۆڕشەکەماندا و لە کردەوەی شۆڕشگێڕەکانمان، سەرمان سوور دەمێنێ لەو هەموو دڵسۆزییەی شۆڕشگێڕ و خەڵکی شۆڕش ڕاگرەکان لە کوردستانی کوێستاندا، هەر لەو کاتەشدا خەریکی شایی مەرگین لە خۆشیان، شکور بۆ خوا ئێمە لە کوردستانی کوێستاندا، واین کە کوردایەتی بۆ کوردایەتی، واتە خەبات بۆ ڕزگار بوونی گەلی کورد لە ستەمی بێگانەی چەوسێنەر دەکەین نەک بۆ دەسەڵات، نەک بۆ ڕازیکردنی لایەک لە داگیرکەرانی کوردستان، کوردایەتیمان دەست پێکرد بۆ سەربەرزی گەلی کورد لە هەر جێیەک کە کوردستانە. بڕوانە پیری شەست ساڵەو حەفتا ساڵە لە ڕیزی پێشمەرگە گیان لەسەر دەستکاندایە. بڕوانە لاوی شانزە ساڵە کە وەک بروسکە دێن و دەچن لە شاخ و کێوی کوردستان تیغی دەبانن و لە کالاندا خۆ ناگرن، بە کەس دانامرکێن. شۆڕش هی تێکڕای خەڵکی کوردستانە. جا بڕوانە لە لایەکی ترەوە پیرە دایکان دەبینن دێن و دەچن بە دەوری پێشمەرگەی نازداری بێ نازدا، کە نازی شۆڕشی کوردستانیان بڕی، نازی دایکی بە ئیمان خستووە، بە قوربانیان دەبن و لە دەوریان دەگەڕێن، ها وەرە بڕوانە ڕیزی خەباتی خوێناوی، دەبینی شلکە لاوی بە ئیمان و بە بڕوا چۆن بوونە حەماسەی شۆڕش، بوونە بەڕامی هێرش نوخشەی داهاتی خەباتن، نوخشەی خێر و هاتن، وەرە بڕوانە جا دڵ پڕکە لە بڕوا بە سەرکەوتن، وەک ڕۆڵەی شیرینی کوردستان، هەر چەند بە تەمەن منداڵ و کاڵن، بەڵام بە سام و هەڵمەت ڕوستەمی زاڵن.... جا وەرە بۆ وێنە دەست بەرین یەکێک، لە خونچە تازە پشکوتووەکانی باخچە ساواکەی سازمانی خەبات، بە هێواشی و بێلێکردنەوە ڕایکێشینە بەر دەمی خۆمان، پەیمانی خەبات تازەکەینەوە کە تا ماویین خۆنەفرۆشین و بە گزە چاوی ناپیاوی دانە پۆشین. کێیە ئەو گوڵە نەپشکوتووەی کە ئەمرۆ گوڵی مەجلیسانە؟ ئەو کاک عابید فەیزیانە، پێشمەرگەکانی هێزی شەهید سەید خەلیل ڕۆژی 14/پوشپەڕی/1363بە مەبەستی گرتنی مۆڵگەی پاسدارەکانی خومەینی لە پشتی (دێی سیچان) لە چوار کیلۆ مەتری شاری بانە، وەڕێ کەوتن. کاک عابید فەیزیان یەکێک بوو لە داوخوازانی بەشداری لەوکارە شۆڕشگێڕانەدا. پێشمەرگەکان بە پێی بەرنامەیەکی ڕێک و پێک دوای یەک سەعات شەڕ، وەک با داهاتنە سەر مۆڵگەی دوژمن و گرتیان، لەو هێرشەدا تەنیا زیانی پێشمەرگە، ئەو لاوە بە جەرگە، ئەو بێچووە شێرە بوو، کە بە گوللەی دوژمنانی کوردستان خوێنی پاکی بوو بە سەنەدێکی تر، لەسەر سەدان هەزار پەسەندی ڕەوای شۆڕشەکەمان.

شەهید عابید فەیزیان کە لە ساڵی 1346 دا لە شاری بانە لە بنەماڵەیەکی کاسب لە دایک بوو، تا پێنجی سەرەتایی خوێند، لەبەر شۆڕشی خەڵکی ئێران، پاشان شەڕی دا سەپاوی کوردستان بۆی نەکرا درێژە بە خوێندنەکەی بدات. لە ساڵی 1360 کە بینی کوردستانی خۆشەویست دەسووتێ و دەبرژێ بە ئاگری دوژمنانی قین لە دڵی گەلی کورد بێ بەزەییانە کوشتار دەکرێ، هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەکانی سازمانی خەباتەوە و دوای ماوەیەکی ڕاهێنان و بارهێنان چووە ناو هێزەوە، زۆر بە ئەمانەت و دروستکاری، کاری پێشمەرگایەتی بە ئەنجام دەگەیاند. شەهید عابید لە زۆربەی شەڕەکاندا بەشداری کرد تا لە ڕۆژی 1364/4/14 لە گرتنی پایەگای بەسیجاندا بە پلەی شەهیدانی کوردستان گەیشت. هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی شەهید عابید و شەهیدان بێت.

**شەهیدەکان مامۆستای وانەی کۆڵنەدان و خۆراگرین لە زانکۆی ڕزگاری نەتەوە و نیشتمان دا،**



سەروەری گەل: شەهید خالید حەسەن نژاد.

دەردی داگیرکەرانی نیشتیمانی خۆشەویستمان کوردستانی ئازیز دەردە.دەستە سەری و دەست بەسەری گەلی کورد و ژانی ژێر چەپۆکی و چارەڕەشی گەلەکەمان، دەردێکی ئەوندە گرانە کە بەختکردنی گیانی شیرین لە ڕێگەی موبارزەی رزگاریخوازانە لەو هەموو دەردو ژانەدا هەمانە لە لای ڕۆڵەکانی کوردستان، گیان و ژیان کوا نرخی هەیە بە ژێر دەستی و کۆیلەیی، کوا ژیان بە ژیان دەژمێردرێ کە بەند لەسەر دەست و پێ بێ و قفڵی دیکتاتۆران لەسەر دبێ؟ژیانی [بەژێردەستی] بە ژیان ناژمێردرێ بە تایبەت ژیانی بە ژێردەستی لە نیشتمان و خاک و ئاوی باو باپیران دا، دژمن بۆ بژی لەسەر ئەو نیشتمانە؟ ئەو دوژمنەی کە ژیانی لە ماڵ و حاڵ کردۆتە مەرگی بەزیلەت، چۆن دەبێ لێی گەڕێین بێدەردی سەر درێژە بەستەم بدا؟ئەو خاوەن نیشتمانە خاوەن ویژدانانەی کە ئاوا لە دەست دوژمن بە ئازارن لە ستەم بێزارن، چۆن دەبێ ئەو گیانە نیوە گیانە و ئەو ژیانە پڕ لە دەردو ژانەیان نەکەنە ئاوری بێ ئەمان بۆ گیانی دوژمنان؟. ئەو دوژمنانە بە نارەوا ژیانیان لە خاوەن ماڵ و نیشتمانمان تاڵ کردوە، ژین لەوانیش تاڵ بێ. ئەوە حەقی ستەم لێکراوانە کە دژ بەستەم گەران بیکەن. هەر بۆیە لای ڕۆڵەکانی کوردستانی داگیر کراو لە هەموو لایەکەوە، گیان بایەخێکی نیە لە ڕێی ئامانجی پیرۆز دا، کە تۆڵە ساندنەوە لە ستەم گەروو پاشان ڕاونانیەتی لە کوردستانی خۆشەویستی ئازیز. گیان لە ڕێی خەبات و موبارزە دا بایەخی نیە لای ئەو ڕۆڵە دڵ زیندووانەی کوردستان. بەڵێ هیچ ڕۆڵەیەکی کوردستان کە هەستی مرۆڤایەتی زیندوو بێ کە زۆربەی ڕۆڵەکانی وان، دەربەست بەگیانی خۆی نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، هەرکام لە ڕوی فیداکاری و ئیسارەوە، گیانی هەڤاڵانی خۆی لاعەزیزە، حەزدەکا گیانی خۆی سوپەری گیانی وان و خوێنی خۆی بکا بە دێرکێشی ژیانیان، هەڤاڵانیان بمێنن بەسەربەرزی و سەرکەوتویی، خۆی بمرێ و هەڤاڵانی خۆش. هەر بۆیە مەرگی هەرکام لە ڕۆڵەکانی کوردستان لە دڵی هەڤاڵاندا بەژانە کە دەشزانن خەبات و موبارزە بە بێ خوێن نابێ. جا لێ گەڕێ و مەپرسە مەرگی هێندێ لە هەڤاڵان هێندە بەژانە. مەرگی ئەو هەڤاڵانەی کە هەموو وجودیان، خزمەت و ماندوویی بۆ شۆڕش و شۆڕشگێڕانە، بێ ئەوە کە قازانجێکی خۆیان لەبەرچاو بگرن و بێ ئەوەی کینە لە هەڤاڵێک لەدڵ بگرن.دەزانێ چەندە مەرگیان بەژانە و چەندە مەرگیان بۆ شۆڕش زیانە؟. بەڵێ خۆی ئەوکەسانە لە دڵی هەڤاڵان دا لە ڕیزی شۆڕش دا هەر لەو پلە دەمێنێ. مەگەر بە نەسرەوتن و بەگەیشتن بە ئامانجی خۆی ئەو جۆرە کەسانە لە دڵ و لە ڕیزی هەڤاڵان دا پڕ ببێتەوە. دیارە ئەو دەمە ڕۆحی ئەوانیش لە بە هەشتی شەهیدان دا، دەحەسێتەوە و ئاهێکی دێتەوەبەر. بەڵێ کوردستان ڕۆڵەی وا مەرگ بەژانی زۆرن کە، کەلەبەریان پڕ نابێتەوە، مەگەر بەسەرکەوتن. سازمانی خەباتی خوێناوی زۆری ڕۆڵەی هەرە بەنرخی ئاوای پێشکەش بە خەباتی کوردستان کردوە. دژمنی داگیرکەر کە لەبەرەکانی جەنگی داسەپاودا ناگاتە ئامانجی سپڵەی، لە ڕێگەی ترۆرو ڕەشە کوژیەوە هەوڵ دەدات بۆ زەربەتدان لە کادرە بە هەڵوێستەکانی شۆڕش و ئەو بەرنامە نائینسانیەو ترساندنی لەگەڵ ئەندامە بە دڵەکانی شۆڕشی کوردستان بە کارهێناوە.یەکێک لە ڕۆڵە بە نرخەکانی گەلەکەمان کە بەم شێوە بە دەستی ترۆریستەکانی ڕژیمی ئێران شەهید کرا،کاک خالیدی حەسەنژاد ناسراو بە(خالید سەقزی) یە.

شەهید خالیدی حەسەنژاد کوڕی مەلا عەبدوڵا لە ساڵی 1342 دا لە شاری سەقز لە بنەماڵەییکی هەژاردا لە دایک بووە. لە 7 ساڵی دا چوە مەدرەسە تا دەورەی ڕاهنمایی دەرسی خوێند. کە شۆڕشی گەلانی ئێران دەستی پێ کرد، بە هۆی هێرشی نامەردانەی هێزە سەرکوت گەرەکانی ڕژیمی خومەینی بۆ سەر کوردستان نەی توانی درێژە بە خوێندنەکەی بدا. وەک ڕۆڵە بە هیمەت و دڵپاک و شەرەف پەرەستەکانی کوردستان، پاییزی 1358 هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگایەتی دەفتەری مامۆستا شێخ عیزەدینەوە. لەگەڵ پێک هاتنی سازمانی خەبات وێرای هەڤاڵانی لە ناو دەفتەردا هاتە سازمانی خەباتەوە و بوو بە ئەندامێکی باوەڕ پێکراو لە سازمان داو درێژەی بەکاری شۆڕش دا، بەو پەڕی پاکی و تێکۆشانەوە کە جێی ڕەزامەندیی دڵسۆزانی سازمانی خەبات بوو.

شەهید خالیدی حەسەنژاد بە هۆی پاکی و شیاوی خۆیەوە پلەی سەر دەکەوت، تا لە کۆنگرەی دووهەمی سازماندا بوو بە ئەندامی دەفتەری سیاسی. کاک خالید لەگەڵ ئەوەش دا کە لاوێکی بە غیرەت و بە جەرگ بوو، لەبەر نیهایەتی پاکی و دروست کاری زۆرتری کاری لە بەشی دارایی و تەداروکاتی سازمان دا پێ دەسپێردرا، لە پاکی و دروست کاری دا کەم وێنە بوو. لە بەهاری ئەم ساڵی 1370 دا بوو بە بەرپرسی کۆمیسیونی کۆمەڵایەتی. کاک خالید ئینسانێکی ڕوو خۆش و دڵپاک بوو، جوێ لەوە لە کاری خۆیا زۆر جیددی و خۆشەویستی عام بوو. شەهید خالید لەو کارە سازمانیانەی کە گوترا و لە چەند جەنگدا بەشداری کرد و لەو سەنگەرە دا ئەو پەڕی ئیمان بە ڕێبازی سازمان و شۆڕشە ڕەواکەی کوردستانی لە خۆی نیشان دابەداخێکی گرانەوە ئەو ڕۆڵە بەنرخەی گەل، ئەو قارەمانە بە ئیمانەی سەنگەری خەبات و تێکۆشان، لە شەوی سێ شەممە 8/9ی گەلاوێژی 1370کۆچی خۆری، سەعات 7 ی شەو بە کاتی هاوینی تاران بە دەستی عەوامیلی ڕژیمی نا ئیسلامی ئێران لەناو شاری ڕانیەی کوردستانی عێراق دا شەهید کراو چوە ڕیزی کاروانی شەهیدانی گەلەوە.مەرگی شەهید خالید زیانێکی گەورە بوو بۆ سازمانی خەبات و شۆڕش.مەرگی شەهید خالید داخێکی گران و بە ژانی بە سەر دڵی هەڤاڵان و دۆستان و ناسیاوان دا هێنا. هەزاران سڵاو لە گیانی نەمری کاک خالید و گشت شەهیدانی ڕیزی ڕزگاری کوردستان.ڕوخان و نەمان بۆ ڕژیمی ترۆریست پەروەری تاران ، نەفرین و نەعلەتی گەل بۆ خیانەتکارو جاسوسان. دەستی تۆڵەی گەل بە هێزەو خەزانی پاییز گەڵای تەمەنی خۆفرۆشان دەوەرێنێ و دەستی هەموو تاوان باران دە قرتێنێ.سڵاو لە گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی کوردستان.




سەروەری گەل :شەهید ئەحمەد فاتمی.ناسراو بە ئەحمەد ساوانی.

یادی سەروەران یادی شەهیدانە و هەموو دەمانە، یادی شادی وخەمانە.

لە شادیدا جێیان دیارە، بۆ خۆیان دەستیان لە ژیان بەردا، کە ژیانی سەربەرزانە بۆ گەل پێک بهێنن. چەکی شەرەفیان هەڵگرت کە شەرەفی گەل بپارێزن. ئەو شەهیدانە کە ژیانی کەم ماوەی خەباتیان پێ بە بایەختر بوو لە ژیانی درێژی ژێر دەستی و کۆیلەیەتی، دەستیان لە تەمەنی درێژی کۆیلەیەتی بۆ هەتا هەتایە بەردا. ئەو سەروەرانەی کە سەریان بەردە بازی ڕێگای ئازادییە و لافاوی خوێنیان، ڕوخێنەری کۆشکی بێدادیە، لە خۆ دەبوورن و لە مافی گەل نابوورن. دڵیان برینە، هێندەی بەرزایی کوردستان هیوایان بەرزە. هەر کام لەوانە بە لەش ئادەمیزادێکن، بەڵام بە هیواو ئامانج گەلێکن. بەڵێ ئەوانەی بۆ قازانجی گەل و دژایەتی ستەمگەران دێنە مەیدانی خەباتەوە، دەکەونە ڕێی هات و نەهاتەوە. دەبنە خەباتگێڕ و پێشمەرگە مەرگی خۆیان پێش مەرگی خەڵک دەخەن لە ڕێی ئازادی و بەختەوەری گەلی کورددا سەری خۆیان دادەنێن. ئەوانە یادیان زیندووە لە دڵاندا و لە بیر ناچن. کتێبی یادی سەروەران بە نۆرەی خۆی ئەرکی یادیان لەسەر شان دادەنێ، کە دڵی زۆرتر بە یادی وان ئاوەدانتر دەکاتەوە، تا برا و خوشکانی کورد سەروەرەکانی خۆیان بناسن و بزانن چەندەن ئەو شێرە کچ وکوڕانەی کوردستان کە خۆیان فیدای کوردستان کردووە و بزانن کام ئاوەدانی زیاتر ئاوەدانن بە گیانی شەهیدانی سوور خەڵات. کام دێ و کام شار ڕۆڵەی زیاتریان پێشکەش کردووە بە کۆڕی شەهیدانی خەبات. کام دێ هەیە هێندەی ( دێی ساوان ) سەربەرزی ناو ئاوەدانیانی کوردستان بێت و هێندەی شەهید ناردبێتە ناو کۆڕی شەهیدانی خەباتەوە. کام دێ هەیە هێندەی نۆرە هەبێت لە گۆشەی یادی سەروەرانی سازمانی خەباتدا و هێندەی ناوکردبێ بە شەهیدەوە. بەڵێ ئەمڕۆش نۆرەی سەروەرێک لە سەروەرەکانی (ساوانە). شەهید ئەحمەد فاتمی ناسراو بە ( ساوان )ی، کوڕی عەبدوڵایە خەڵکی دێی ( ساوان ) لە بنەماڵەیەکی جوتێر لە دایک بوو. تا پۆلی یەکی ڕاهنمایی لە قوتابخانەی ساوان خوێند، پاشان لە بەهاری ساڵی 1362 دا هاتە ناو ڕیزی پێشمەرگەی سازمانی خەباتی کورستانی ئێرانەوە. لاوێکی ژیر و لە سەرەخۆ و بە باوەڕ بوو. دوای ڕاهێنان و بارهاتن بە ئەرکی پێشمەرگایەتی شان بە شانی برا پێشمەرگەکانی لە بەرنامەکانی جەنگی پارتیزانیدا لە خۆی بردوو بەشدار بوو. لە ناو هاوەڵاندا، بە لاوێکی ژیر و بە باوەڕ دەناسرا. لە سەرەتای لاوییەوە ئارامی و لە سەرەخۆیی پیاوێکی گەڕاوە و خاوەن ئیحترام بوو لە ناو هەڤاڵان، زۆر جێی هیوا و هومێد بوو بۆ هەڵگرتنی ئەرکی زیاتر لە شۆڕشی ڕەوای گەلەکەماندا. بە داخی گرانەوە لە ڕۆژی 12/گەلاوێژی/1363 دا لە دێی ( کەپرەسەن)، لە ناوچەی پاش ( ئاربابا)ی بانە، بە گوللەی تفەنگەکەی خۆی کە بە دەستیەوە دەرچوو برینێکی کاری هەڵگرت و لە کاتی ڕاگوێزتنیدا لقەکەی کەوتە بەر گەمارۆی دوژمنی داگیرکەر و وەک ئاوی باران گوللەی تۆپ و خومپارە بە سەریاندا باری. شەهید ئەحمەد وەک پێشمەرگەیەکی ساغ وەرەی بەرز بوو، دوای ڕزگار بوون لە هێرشی دڕندانەی دوژمن لە کاتێکدا کە بزەی شادمانی شەهادەت و سەلامەت بوونی هەڤاڵانی لە سەر لێو بوو، گیانی پڕ لە ئیمانی خۆی بۆ کۆڕی شەهیدانی سازمانی خەبات، لە دێی ( سیسارگی سوورکێو)، چۆوە باوەشی نیشتمانی خۆشەویستەوە...

هەزاران سڵاو بۆ شەهیدانی کوردستان و شەهید ئەحمەد.

# کۆچی دوایی پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەری سازمانی خەبات لە شاری بانە.

کاک محەمەد ساڵحپور ناسراو بە محەممەد ساوانی پێشمەرگەی دێرین و تێکۆشەری کوردو ڕێبازی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران، کە هەموو کات دڵسۆزو بە وەفا بە ڕێبازی سازمان و ڕێبەرایەتیەکەی و نەیاری خائینانی دژمن بە سازمان بوو،تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە گەڵ هاوڕێبازانی لە پێوەندیدا بوو، بە داخەوە پاش نیوەڕۆی چوارشەممە ١٥ ی گەلاوێژی ١٣٩٩ کۆچی خۆری بە هۆی نەخۆشی درێژخایەن کۆچی دوایی کرد. بابەشێخ حوسەینی سکرتێری گشتی و هاوباوەڕانی سازمانی خەبات بە بۆنەی




کۆچی دوایی کاک محەممەد ساوانی تێکۆشەری دێرین و کەم ئەندامی ڕیزەکانی سازمانی خەبات سەرەخۆشی بە خانەوادەی و خزمان و دۆستان و خەڵکی تێکۆشەرو شەهید پەروەری دێ ساوان و شاری بانە ڕادەگەێنن و هاوبەشی غەم و پەژارەیانین.

# باوکی پێشمەرگەیەکی سازمانی خەبات لەشاری بانە، کۆچی دوایی کرد.



بەداخەوە ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی 2020/7/26 باوکی پێشمەرگەیەکی سازمانی خەبات لەناوچەی بانە کۆچی دوایی کرد.

خوالێی خۆش بێت محەممەد ئەحمەدنژاد ناسراو بە محەممەدی عەلی کوردە باوکی

کاک دیار ئەحمەد نژاد پێشمەرگەی سازمانی خەبات، بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەژیان کرد.خوالێی خۆش بێت کاک محەممەد لە گوندی باغی شێخان لە دایک بووە و لە تەمەنی 77 ساڵیدا بەهۆی سەکتەی دڵەوە کۆچی دوایی کرد. ناوبراو کەسێکی خۆشناو و گەل خۆشەویست بوو و تا دوایین هەناسەکانی ژیانی لەوەفادارانی ڕێبازی جەنابی مامۆستا سەیید جەلالی حسەینی مایەوە. بە ناوی سکرتێری گشتی و هۆگرانی ڕێبازی سازمان، پرسە و سەرەخۆشی لە کاک دیار و باقی کەس و کار دەکەین و هیوای سێبووری دەخوازین بۆ هەموو خزمان و ڕۆحی خوالێی خۆشبێت کاک محەممەدیش بە بەهەشتی بەرین شاد بێ. انا لله و انا الیه راجعون

# داواکاری ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی بۆ دابینکردنی پێداویستی دەرمانی بۆ زیندانیانی سیاسی ئافرەت لە ئێران.

ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی داواکاریەکی بەرز کردۆتەوە و تێیدا خوازیاری دابینکردنی پێداویستی دەرمانیە بۆ زیندانیانی سیاسی ئافرەت لە زیندانەکانی ئێران دا.ڕێکخراوی لێبوردنی نێونەتەوەیی داوای لە کاربەدەستانی ڕژیم کردووە کە ڕێکاری پێویست بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی نەخۆشی هەریەک لە نێرگس محەممەدی، زێنەب جەلالیان و سوهەیلا حیجاب.تەقی ڕەحمانی، هاوسەری نێرگس محەممەدی باس لەوە دەکات کە شەش مانگە هاوسەرەکەی لەگەڵ چەند کەسی دیکە توشی نەخۆشی کۆڕۆنا بوون، بەڵام هەتا ئێستا هیچ چارەسەرێکیان بۆ نەکراوە و هیچ پێداویستیەکی بزیشکیش لە بەردەست دا نیە بۆ چارەسەری نەخۆشیەکەیان. زێنەب جەلالیان، تووشی پەتای کۆڕۆنا بووەو لە ڕێکەوتی پێنجی پوشپەڕەوە لەزیندانی قەرچەک گواستراوەتەوە بۆ شوێنێکی نادیار. هەروەها سۆهەیلا حیجاب، پارێزەری دادگا و چالاکی مەدەنی، لەزیندان دا توشی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بووە.



# ئاوڕێک لە بیر و هزری نەتەوەیی و شۆڕشگێڕانەی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی.

نووسینی:عەلی بەهرامی



٣٠ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی کۆچی خۆری، یادی ١٠یەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا سەید جەلال حسەینی یەکێک لە ڕێبەران و پێشرەوانی کوردایەتی لە کوردستانی ئێران و دامەزرێنەری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێرانە. مامۆستا سەید جەلال لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی خۆری لە سەردەمی گشتگیربوونەوەی چالاکیە ڕێکخراوەییەکانی کۆمەڵەی ژێکاف، لە حەمامیانی بۆکان سوێندی ئەندامەتی دەخوات و بە فەرمی دەست دەکات بە چالاکی و خزمەت بە نەتەوەکەی. لە دوای وەلانانی کۆمەڵە و سەپاندنی حیزبی دیموکرات و دامەزرانی کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد، مامۆستا لەگەڵ ئەوەی نابێتە ئەندامی ئەو حیزبە، بەڵام وەک تاکێکی کوردی نیشتمانپەروەر و دڵخۆش بە دامەزرانی کۆمارێکی کوردی، بە دڵگەرمی و هەست بە بەرپرسایەتی دەست دەکا بەنووسین بۆ ڕۆژنامەی کوردستان. لەدوای کۆمار و لەسێدارەدانی پێشەوای کوردان، مامۆستا وەکوو کوردێکی نیشتمانپەروەر لە بەرەی گەلدا دەمێنێتەوەو بە شێعر و پەخشان و وتاری جۆراوجۆر هەستی خۆی بۆ نیشتمان و ئازادی و سەربەستی نیشتمانەکەی دەردەبڕێ. لەو ماوەدا و هەتا پێش ڕاپەرینە جەماوەریەکان دژ بە ڕژیمی پاشایەتی، لە هەر شوێن و ناوچەیەکی کوردستان جوڵانەوەیەک هاتبێتە پێش مامۆستا بێ سێ و دوو پشتیوانی لێ کردووە و هەوڵی داوە ئەو جوڵانەوەیە سەربگرێ. بە یەکەم چەخماخەکانی ڕاپەرینی جەماوەری دژ بە دەسەڵاتی پەهلەوی لە ئێران، شاری بانەیش بە پێشەنگایەتی مامۆستا کڵپەی دەهات و بەرێزیان کەوتە ڕێکخستنی جەماوەری ئامادەو نارازی شار و لەو ماوەدا بەردەوام کۆڕ و کۆبوونەوە و میتینگی جەماوەری بەڕێوەدەبرد و بەو شێوە کورەی شۆڕشی نێڵ دەدا. ڕێبەرایەتی کردنی نارەزایەتی و ڕاپەرینە جەماوەریەکانی شاری بانە لەلایەن مامۆستاوە، بووە هۆی پەرەگرتنی هەستی شۆڕشگێڕی و نارەزایەتیەکان چوونە قۆناغێکی تایبەت و دامودەزگاکانی دەسەڵاتی شا بە هیچ شێوەیەک نەیانتوانی زاڵبن بە سەریدا و کونترۆڵی بکەن. ئەوە لە کاتێکدا بوو مامۆستا لە پاڵ ڕاگرتنی نارەزایەتیەکانی بانە کەوتە پشتیوانی لە شارەکانی دیکەو ئەو حەماسەت و فیداکاریانەی بانەییەکانی دەگەیاندە ئەو شارانە و بە وتاری ئاگرین و حەماسی دژ بە ڕژیمی پاشایەتی، خەڵکی زیاتر هان دەدا بۆ هاتنە مەیدان و سەرخستنی ئەو ڕاپەرینە و کۆتایی هاتنی زوڵم و زۆری ئەو دەسەڵاتە دیکتاتۆر و دژە کوردە لە ئێران. بە سەرکەوتنی ڕاپەرینە جەماوەریەکان و ڕوخانی دەسەڵاتی پاشایەتی، مامۆستا سەید جەلال پێی وابوو کە هەتا بە بەرنامە و پلانی ڕژیمی تازەی تاران نەزانرێ و بەتەواوی لێی حاڵی نەبن و مافەکانی کورد لە قانوون و یاسای نوێدا نەچەسپێ، ڕیزی خەڵکی ئامادە و ڕاپەڕیو بەسەر ئەحزابی جیاجیادا دابەش نەکرێ و پارێزگاری لەو یەکریزی و یەکسەنگەریەی جەماوەری کوردستان بکرێ. لەسەر زیانباربوونی ئەو دابەشبوونە دەیفەرموو: پێش هاتنەوەی خومەینی لەبانەوە چووینە سنە بۆ ئەوەی هانی خەڵک بدەین بۆ کوردایەتی و ڕاپەرینی زیاتر، بینیمان خەڵکی ئەو شارە بەسەر ئیسلامیەکان و چەپەکاندا دابەش ببوو وە هیچ کەس خەتی ئەوەی دیکەی نەدەخوێندەوە. ئەوە لەلایەک و لەلایەکی دیکە بەردەوام هەوڵی ئەوە بوو کە نوێنەرانی نەتەوەی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ ڕژیمی نوێ کە لە کۆبوونەوەی سەرەتای بەهاری ١٣٥٨ لە مەهاباد دیاری کرا و مامۆستا شێخ عزەدین بە سەرۆکایەتی ئەو هەیئەتە داندرابوو، هەر ئەو هەیئەتە دەمراست و بریاردەر بن و هەر کەس بۆ خۆی نەکەوێتە وتووێژ لە گەڵ ڕژیم و بەوە کەلێن لە نێو ریزی کورد بە قازانجی ڕژیم ساز نەکرێ. بۆ وێنە کاتێک هەیئەتی ڕژیم بەناوی "هەیئەتی حوسنینیەت" بۆ دیدار و بینینی مامۆستا چوونە شاری بانە بۆ ئەوەی لەسەر پرسی نەتەوەی کورد قسەی لەگەڵ بکەن، ئامادە نەبوو بیان بینێ و ڕایسپاردبوو کە لازم نیە ئەوان شارەو شار بگەڕێن نوێنەرانی کورد لە شاری مەهابادن، با بچن لەگەڵ ئەوان قسە بکەن و ساخ بنەوە. مامۆستای نەمر هەر زوو ڕژیمی ئاخوندانی ناسی و ساڵی ١٣٥٨ کەوتە ئامادەکردنی هێزی جەماوەر و پێشمەرگە بۆ دیفاع لە نیشتمان. هەر بۆیە سەردانی بەشێکی بەرچاو لە شارەکانی باشووری کوردستانی ئێران وەکوو سەقز، سنە، کامیاران، ڕوانسەر، جوانرۆ، پاوە، نەوسود و مەریوانی کرد. لەو شارانەدا کە کۆبوونەوەو میتینگی جۆراوجۆری بەڕێوەبرد بە خەڵکی وت ڕژیمی نوێ ئامادە نیە مافی کورد بدات و بیانوو دەگەڕێ بۆ پەلاماری کوردستان، هەر بۆیە پێویستە پشتیوانی لە هەیئەتی نوێنەرایەتی کورد بکەین و ئامادەبین و ڕێگە نەدەین بەری ڕەنجی خەبات و شۆڕشەکەمان لەلایەن کۆمەڵێک ئاخوندی لووتبەرزەوە بەفیرۆ بچێ و خاکەکەمان جارێکی دیکە بکەوێتەوە ژێر پۆستاڵی داگیرکەرانەوە. لە ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی دا، مامۆستا سەید جەلال بەو هێزی پێشمەرگەی لە ژێر ناوی دەفتەری مامۆستا شێخ عزەدین دا ڕێکیخستبوو، ئەوندەی بۆی کرا لەلایەک لە بەرمبەر هێزەکانی ڕژیم دا بەربەرەکانێی دەکرد و لەلایەکی دیکەوە هەوڵی چارەسەری کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی وەک کێشەی ئاغا و ڕەعیەتەکانی ناوچە جۆراوجۆرەکانی دەدا کە لەلایەن ئەحزابی کورت بین و نامۆ بە کۆمەڵگەی کوردستان، ساز کرابوون. هاوکات هەر ئەو ساڵە لەگەڵ مامۆستا شێخ عزەدین و مامۆستا عەبدولرەحمانی زەبیحی و حامید بەگی جاف و چەندین کەسایەتی خۆش ناوی دیکەی کوردستان هەوڵی پێکهێنانەوە و سازکردنەوەی کۆمەڵەی ژێکافی دا، چونکە پێی وابوو تەنیا کۆمەڵەی ژێکافە دەتوانێ کۆکەرەوەی هێز و پوتانسیەلێکی نەتەوەیی ئەوتۆ بێ کە ڕیزی گەل یەکبخات و بەڕاستی هەوڵ بۆ پرسە نەتەوەییەکەی کورد بدات.


لە دوای فەرمان و فتوای نارەوای خومەینی بۆ سەر کوردستان، مامۆستا سەرکردایەتی هێزی پێشمەرگەی دەفتەری کرد و لە چەندین شار و ناوچەی کوردستان لەبەرامبەر هێزی پاسدار و بەکرێگیراوی ئاخوندانەدا وێستانەوە و زەربەی گورچ و بڕی لێ وەشاندن. هاوکات لەگەڵ بڕیاری دیفاع و بەربەرەکانێ مامۆستا پێی وابوو دەبێ لەبەرامبەر هێرشدا خۆراگری بکرێ و بۆ جوابی چارەسەری ئاشتیانەش هیچ دەرکەیەک دانەخرێ. لەدوای ئەوەی هێزەکانی خومەینی لە تاوان و جینایەتدا هەموو سنوورێکیان تێ پەڕاند و بەشێکی زۆر لە ناوچەکانیان داگیرکردەوەو ڕوباری خوێنیان وەڕیخست، خەڵخاڵی جەلاد و قازی شەرعی خومەینی نامەیەکی بۆ مامۆستا نووسی کە واز لە خەبات و بەربەرەکانێ بێنێ و هەرچەندی بیهەوێ ئیمتیازی دەدرێتێ، بەڵام مامۆستا لە وەڵامدا بۆی نووسی " تۆ کە تا ئەنیشکت لە خوێنی کوڕانی کوردەواریدایە، داوا لە من دەکەی چۆن لە خوێنی ئەوانە بکەم و بێمە لای تۆ ؟..."

ساڵی ١٣٥٩ی هەتاوی لە دوای ئەوەی مامۆستا شێخ عزەدین حاشای لە بوونی هێزی پێشمەرگە کرد و ئامادە نەبوو بچێتە حیزب و تەشکیلاتێکی تایبەتەوە، مامۆستا سەید جەلال لەگەڵ کۆمەڵێک لە هاوڕێ و هاوباوەڕانی بیری لە تەشکیلاتێکی تایبەت کردەوە کە لەباری فکریەوە جیا بێ لە ئەحزابی چەپ و مارکسیستی کوردستان و کوردایەتی و خەباتی نەتەوەیی بکاتە ئەسڵ و بنەمای کار و چالاکیەکانی خۆی هەر بۆیە لە ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٩ دا سازمانی خەباتیان پێکهێنا. مامۆستا سەید جەلال پێی وابوو خەباتی نەتەوەی کورد نە پێوەندی بە فکرەی کومونیستی و نە ئیسلامیەوە هەیە بەڵکوو پێویستە خەباتێکی نەتەوەیی بێ و هەموو دانیشتوانی کوردستان بە هەر دین و فکر و ئیدئۆلۆژیەکەوە بەشدار بن لەو خەباتەداو خزمەت بە نەتەوەو نیشتمانەکەیان بکەن. مامۆستای کوردپەروەر و فیداکار لەدوای ئەو زوڵم و نادادپەروەریانەی ڕژیم لە ڕاست خەڵکی کوردستان، تاوی دا خەبات و بەربەرەکانێی ڕژیم و دیفاع لە نیشتمان و هەتا دوا هەناسەی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەکەیدا مایەوەو هیچ فشار و بەربەست و تەنگ و چەڵەمەیەکی ناوخۆیی و دەرەکی نەیتوانی هەنگاوەکانی بۆ ڕزگاری گەل و خاکەکەی پێ شل بکا، بەڵکوو لەگەڵ هەر ناخۆشی و ماڵ بەکۆڵی و سەختیەکدا زیاتر دڵخۆش و ئومێدوار دەبوو بە ئامانجەکانی و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بە تەوەژمتر و گەرم و گورتر درێژەی بە خەبات و شۆڕش دەدا. مامۆستا سەید جەلال کوردێکی دڵسۆز و فیداکار بوو وە خەباتی نەتەوایەتی بە لاوە ئەولەویەت و زەروور بوو، لە ماوەی ٦٤ ساڵ خەبات و شۆڕشی خۆیدا ئەخلاق و ڕاستگۆیی لەگەڵ نەتەوەی کوردی بە زەرووڕەت و پێویستی دەزانی و ئەو دووەی بە ئەساس و بنەمای کاری سیاسی خۆی دانابوو.

# ڕەهەندە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی.

نووسینی: ئارەزو بەهرامی

شەخسیەتە هەڵکەوتوو ڕێبەرە دیارەکان، هەر کامە و بە کار و چالاکیەکانیانەوە پێناسە دەکرێن. بە یەکیان دەگوترێ سیاسیەکی سەرکەوتوو، بە یەکیتر دیپلۆمات یان شۆرشگێر و پارتیزانێکی سەرکەوتوو. کە وایە هەر سەرکردە و کەسایەتێکی هەڵکەوتووی کۆمەڵگە بە یەک یان دوو کار و چالاکی و تێکۆشانی پێناسە دەکرێ.بزوتنەوەی ڕزگاریخوازانە کوردستانیش خاوەن چەندین سەرکردەی و کەسایەتی هەڵکەوتە و کەم وێنەیە، کە هەر کامەو لە بارێک و چەند ڕەهەندێکی تایبەت چالاکانە کاری کردوە لە پێناو ناساندن، بردنە پێش و سەرخستنی دۆزەکەی هەوڵی داوە. ئەو سەرکردە و ڕێبەرەی دەمەوێ لێرەدا تیشک بخەمە سەر ڕەهەندەکانی ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕی، مامۆستا سەید جەلال حوسەینیە.ڕق و بێزاری لە داگیرکەر و حەز و خولیای ڕزگاری خاک و نەتەوەی کورد لە ژێر دەستی، لە پێناسە هەرە ناسراوەکانی ئەو ڕێبەر و پێشەنگەی خەبات و خۆراگری خەڵکی کوردستانە. نەمر لە مەیدانی چالاکی سەربازی و سەرکردایەتی کردنی هێزی پێشمەرگە دا، دیفاعی لە گەل و نیشتمان کردووە و لەبەرامبەر ڕژیمی داگیرکەری ئاخونداندا وێستاوەتەوە. هێزی پێشمەرگەی دەفتەری مامۆستا و دواییش سازمانی خەبات بە سەرکردایەتی و ڕێبەریی مامۆستا سەید جەلال، زۆر قارەمانانە و خۆنەویستانە بە دژی داگیرکەراندا چۆتەوەو خاکی کوردستانیان لێ کردونە دۆزەخ. بۆ وێنە شەڕی ١٠ی خەزەڵوەر، شەڕی ئێرانشای سەقز، شەڕ و بەرخۆدانی ناوشاری سەقز، ناوچەی بۆکان، سەردەشت و بانە، کە هێزی پێشمەرگە داستانی کەم وێنەی قارەمانەتیان خولقاندووە. ئەم نموونانە دەتوانین لە کارنامە و



کاروسەرکردایەتی مامۆستای نەمردا بخوێنینەوە.

مامۆستای نەمر بە چالاکی سیاسی و تەبلیغ و هاندانی جەماوەر کاریگەری بەرچاوی هەبوو لەسەر ئامادەکردنی زیاتری جەماوەر بۆ هاتنە مەیدان. لە دوای ئەوەی خومەینی، لە هەستی مەزهەبی خەڵکی ئێران بۆ قۆرغ کردنی دەسەڵات کەڵکی وەرگرت و کەوتە پیلە کردن بە خەڵکی مافخوازی کوردستان، مامۆستای نەمر دەستی کرد بە گەڕان بە شار و ناوچە جیاجیاکانی کوردستان و کەوتە ڕوونکردنەوەی جەماوەر و هاندانیان بۆ یەکیەتی و هاتنە مەیدان و دیفاع لە نیشتمان. لە دوای ئاوارەیی و تاراوگەنشینی بە دیپلۆماسیەت و پێوەندی لەگەڵ وەڵاتان و حیزب و پارت و کەسایەتیە سیاسیە ئوروپایی و ناوچەییەکان هەوڵی کۆکردنەوەی پشتیوانی بۆ سازمانی خەبات و دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان لە کوردستانی ئێرانی دا. مامۆستای نەمر، نووسەرێکی خامە ڕەنگین بوو کە بەنووسین و شیکاری لەسەر زۆرداری داگیرکەران و مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و زەرووڕەتی خەبات و خۆراگری، هەوڵی ئەوەبوو کە هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی لە نێو خەڵکدا بڵاو بکاتەوە و نەتەوەکەمان لە ماف و ئازادیەکانی خۆی و ڕێگەکانی گەیشتن بەو مافانە ئاشنا بکات.

هەروەها بەنووسین و هۆنینەوەی شیعر، پەخشان و نوسینی ئەدەبی حەماسی هەوڵی نێڵدانی زیاتری کورەی خەبات و شۆڕشی کوردستانی دەدا.

مامۆستای نەمر لە شێعرەکانی دا پێشمەرگەی وەک شۆرەسواری مەیدانی خەبات و تەنیا ڕزگاریدەری گەل هێما دەکرد. هەروەها بە پێدا هەڵدان لە سروشتی کوردستان و دەست نیشان کردنی زامەکانی خەڵکی ڕەنجەڕۆی کوردەواری و داگیرکراویی وەڵاتی، لە چوارچێوەی شیعر و دەقی ئەدەبیدا دەهۆنیەوە و تاکی کوردی هاندەدا بۆ ئەوەی دژکردەوەی بەرامبەر داگیرکەران هەبێ و خۆ لە بەندی دیلی و ژێردەستەیی ڕزگار بکەن.هەروەها مامۆستا سەید جەلال بە پێی ئەو شارەزاییەی لە دینی ئیسلامی هەبوو لە دەقە دینیەکان و بەتایبەت سەرچاوەکانی دینی ئیسلام وەکوو قورئان و حەدیس بۆ ڕەت کردنەوەی ژێردەستی و سەلماندنی نارەوایی دەسەڵاتی ئاخوندان بە نووسین بۆ مانگنامەی تێکۆشان و بەرنامەی تایبەتی لە رادیۆ دەنگی خەباتی کوردستان بەڵگەی لەسەر ڕەوایی زیاتری خەباتی نەتەوەی کورد و نارەوایی و نامەشروعەیەتی دەسەڵاتدارانی ئێران، دێنایەوە.بەڵێ مامۆستاو پێشەوای خەباتی مافخوازانەی کورد لە هەر ڕێگە و ئەوەی لە توانایداو بۆی دەکرا، بۆ دژایەتی داگیرکەران و ڕزگاری کوردستان لە ژێردەستەیی و وەدیهاتنی مافە ڕەواکانی کورد لە کوردستانی ئێران تەرخان کرد کە بریتی بوون لە چالاکی سیاسی، پێشمەرگەیی، تەبلیغاتی، بڵاوکردنەوەی هوشیاری نەتەوەیی و سیاسی لە نێو کۆمەڵگەی کوردستان، لە باری ئەدەبی و ئایینی بەبێ ماندوبوون تێدەکۆشا.


# فەرانسە لە پێوەند بە سزای سێدارەی سێ نارازی مانگی خەزەڵوەر لە ئێران، سەری سوڕماوە!

فەرانسە ڕۆژی هەینی ٢٧ی پوشپەڕ، ڕایگەیاند کە لە دەرکردنی سزای سێدارە بۆ سێ لاو کە لە نارەزایەتیەکانی مانگی خەزەڵوەر بەشدار بوون، سەری سوڕماوە.ئەنجومەنی باڵای ئێران حەوتوی ڕابردوو سزای سێدارەی ئەمیر حسێن مورادی, سەعید تەمجیدی و محەممەد ڕەجەبی تەئکید کرد بە تۆمەتی ئاگر تێبەردانی بانکەکان, ئوتوبوس و شوێنە گشتیەکانناڕەزایەتیەکانی خەزەڵوەری ساڵی ڕابردوو لە ئێران لە دوای بەرزبوونەوەی دوبەرابەری نرخی سووتەمەنی سەری هەڵدا کە گوشارێکی ئابوری زۆری لەو وڵاتە دروست کرد, بەڵام ئەو ناڕەزایەتیانە بە خێرایی ئاڕاستەی گۆڕ ی و بەڕێوەبەرانی ڕژیمی کردە ئامانج.ڕاگەیەندراوی وەزارەتی دەرەوەی فەرانسە ووتی کە پاریس بەدەرکردنی ئەم سزایە سەری سوڕماوە.ئەو ڕاگەیەندراوە لە درێژەدا و لەپێوەند بە بەڵێنی فەرەنسا لەسەر ئازادی ڕادەربڕین و ناڕەزایەتی ئاشتیخوازانە، تەئکیدی کردەوە و ناڕەزایەتی خۆی لەپێوەند بە حوکمی سێدارە بە هەر هۆکارێک، دەربڕی.تیمێک لە کارناسانی مافی مروڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان ڕۆژی پێنج شەممە، داوایان لە ئێران کرد کە سزای سێدارەی ئەمیر حسێن مورادی, سەعید تەمجیدی و محەممەد ڕەجەبی هەڵبوەشێنێتەوە و سەبارەت بە ئەشکەنجەی ئەو سێ کەسە لێکۆڵینەوە بکرێت.دۆناڵد ترامپ, سەرۆک کۆماری ئامریکا, لەو پێوەندە دا ووتی ئێعدامی ئەو سێ کەسە پەیامێکی سامناک ئاڕاستەی جیهان دەکات و نابێت جێ بە جێ بکرێت.دیار نیە کەی ئەم سزایە دەخرێتە بواری کردارەوە, لەو پێوەندەدا غولام حسێن ئیسماعیلی, وتەبێژی دەزگای قەزایی ئێران, ووتی کە سزای کۆتایی لەوانەیە گۆڕانکاری بەسەر دا بێت.دەرکردنی ئەم سزایانە ناڕەزایەتی کۆمەڵگای ئێرانی بەدواوە بووەو ناڕەحەتی و ناڕەزایەتی خۆیان بە ملۆنان توئیت و نوسین لە تۆڕە کومەڵایەتییەکان نیشان داوە.



# بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی یادی ١٠ساڵەی کۆچی دوایی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی،بەشێوەی ئۆنلاین.








ڕێورەسمی ٣٠ پووشپەر بەشێوەی ئۆنلاین بەرێوەچوو. رۆژی یەکشەممە ٥ی گەلاوێژی ١٣٩٩ بەرامبەر ٢٦ی مانگی ٧ی ٢٠٢٠، ڕێورەسمی ٣٠ پووشپەڕ یادی ١٠یەمین ساڵرۆژی کۆچی دوایی مامۆستا سەید جەلال حوسەینی رێبەری نەتەوەیی کورد و دامەزرێنەری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی بەرێز کاک بابەشێخ سکرتێری گشتی، ئەندامانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی سازمانی خەبات و ژمارەیەکی بەرچاو لە دۆستان لە کوردستان و دەرەوە، بەشێوەی ئۆنلاین بەرێوەچوو. سەرەتای رێورەسمەکە بە دەقەیەک بێ دەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان و سرودی ئەی مامۆستای شۆرش و خەبات دەستی پێ کرد. پاشان بە پارچە پەخشانێک لەلایەن بەرێز کاک رێبواری حوسەینی ئەندامی دەفتەری سیاسی وبەرێوەبەری بەرنامەکە، کرایەوە. پاشان کاک بابەشێخ حوسەینی، سکرتێری گشتی سازمانی خەبات بەبۆنەی ٣٠ی پووشپەڕەوە وتارێکی پێشکەش کرد. کاک بابەشێخ لە پەیامەکەی دا تیشکی خستە سەر ژیان و خەباتی مامۆستای نەمر و فەرمووی:مامۆستا کەسێکی نەترس و بوێر بووە لە ژیانی دا و ئەو خەسڵەتەی هەر لە هەرەتی لاوەتیەوە رەنگدانەوەی لە ژیانی دا هەبووە و لە چەندین شوێنی حەساس و مەترسیداردا بەرەورووی زوڵم و ستەم بووتەوە و دیفاعی لە مەزڵووم کردوە.لە درێژەدا کاک بابەشێخ ئیشارەی بە وێستگەکانی ژیانی خەباتی و کوردایەتی پاک و بێگەردی مامۆستای نەمر کردو وتی: مامۆستا سەید جەلال رێبەری دڵسۆز و بە پەیمان، لە کۆمەڵەی ژێکافەوە پەیامی دا کە بەرگیکاری نەتەوەکەی بێ و بەو پەری سەداقەتەوە بۆ خزمەتی نەتەوەی کورد و رزگاری خاکی پیرۆزی کوردستان کردوە. هەر لەسەر ئەو بروایەش لە دژی رژیمی شا خەباتی کرد و بە یەکەم چەخماخەکانی راپەرین لە کوردستان وەپێش جەماوەر کەوتوو و هانی خەڵکی کوردستانی بۆ یەکریزی و یەکیەتی لە پێناو هاتنەدیی ئامانجە نەتەوەییەکان دا. لە دوای رووخانی رژیمی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ئاخوندان، مامۆستا هەر زوو لە ناوەرۆک و ماهیەتی ئاخوندان تێگەیشت و رایگەیاند ئەم ئاخوندە هەلپەرەستانە باوەڕیان بە پرسی نەتەوەیی و ئازادیەکان نیە و پێویستە کورد یەک دەست و هەموو پێکەوە بۆ هاتنەدیی مافەکانیان مقاومەت و خۆراگری بکەن و رێگە نەدەن ئاخوندان و دەستوپێوەندەکانیان ریزی خەڵکی کوردستان تێک بدەن. لە دوای فتوای خومەینی و هێرشی پاسدار و بەکرێگیراوانی ئەو دەسەڵاتە خۆسەپێنەش، مامۆستای نەمر باوەری وابوو کە دەبێ بەرگری لە خاک و نیشتمان بکرێ و بەرەنگاری زێدەخوازیەکانی ئەو دەسەڵاتە بێتەوە. کاک بابەشێخ لە درێژەی وتارەکەیدا فەرمووی: لەدوای ئەوەی رێز و بەرەی خەڵک بەسەر حیزب و لایەنەکاندا دابەش بوو، مامۆستا بۆ وەڵامی فتوای نارەوای خومەینی و ئاخوندان و بۆ ئەوەیش کە بیسەلمێنێ بزوتنەوەی کوردستان هەمووی چەپ و لائیک نیە، سازمانی خەباتی پێکهێناو سەرکردایەتی ئەو سازمانەی لە تێکڕای هەوراز و نشێوەکان کرد و بە حیکمەت و لێزانی خۆی و لێبڕاوی لە پێناو نەتەوە و نیشتمان، سازمانی خەباتی لە دەیان تەنگ و چەڵەمە دەرباز کرد. مامۆستا سەید جەلالی حوسێنی مرۆڤی راستگۆ، دڵسۆز و سادق بوو، هەر بۆیە لە پێناو باوەرەکەی و سازمانی خەبات ئامادەبوو بەوپەڕی سەخاوەتەوە بە گیان و ماڵ نرخ بدات.



لە پاش وتارەکەی کاک بابەشێخ چەند پەیامێک کە بۆ رێورەسمی ٣٠ پووشپەڕ نێردرابوو خوێندرانەوە کە بریتی بوون لە: پەیامی سازمانی موجاهیدینی خەڵکی ئێران. پەیامی مامۆستا عەبدوڵا حەسەنزادە. پەیامی مامۆستا سەید رەئوفی حوسێنی .پەیامی مەلا عومەری عەسری. پەیامی کاک جەعفەری حامیدی. پەیامی مامۆستایانی ئایینی لە ناوخۆی کوردستان. پەیامی رێکخراوەکانی ئافرەتان و لاوانی خەباتی کوردستانی ئێران. پەیامی هێزی پێشمەرگەی سازمانی خەبات. پەیامی تەشکیلاتی ناوخۆی سازمانی خەبات.

پاشان کورتە فیلمێک لەسەر ژیان و خەباتی مامۆستای نەمر پێشکەش کرا. لەو رێورەسمەدا چەندان سرود و هۆنراوەی تایبەت بەو یادە پێشکەش کرا. رێوڕەسمەکە بە پەخشانێک لە ژێر ناوی تۆ نەمردووی و نامری ، لەلایەن کاک رێبوار حوسەێنی یەوە، کۆتایی پێهات.









ئادرەس و ژمارە تەلەفونی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران

TEKOSHAN

http://www.sazmanixebat.org
www.facebook.com/sazmanixebat
http://www.khabatmedia.com
htt//www.lawan.info
www.facebook.com/lawanixebat
telegram /sazmanixebat
Email: sazmanikhabat@hotmail.com

تەلەفون:
کومیتەی ناوەندی:00964750449738
پێوەندی هەولێر: 009647506487209
پێوەندی سلێمانی: 00964772446499

# چەنـــد هــــەواڵ و ڕووداوی گرینگـــی، ئێـــران و جیهــــان.

## وتووێژی تەلەفۆنی پوتین و ترامپ لەپێوەند بە بابەتی



بە پێی هەواڵی سایتە هەواڵدەریەکان، سەرۆک کۆمارانی روسیە و ئامریکا لە قسەکردنێکی تەلەفۆنی دا سەبارەت بە دۆخی بەرنامەی ناوکەیی ئێران وتووێژیان کردووە. دەفتەری چاپەمەنی کۆشکی کرملین ڕۆژی پێنج شەممە ڕایگەیاند: ڤلادیمیر پۆتین و دۆناڵد ترامپ سەبارەت بە بابەتی دامەزراوەیی ڕێگە کاری و کۆنترۆڵی چەک و چۆڵ، بە لەبەرچاوگرتنی بەرپرسایەتی تایبەتی ڕوسیە و ئامریکا لە بەرانبەر پاراستنی ئەمنیەت و ئاسایسی جیهانی، ڕاوێژیان کرد.لەم پەیوەندیەدا لەسەر گرنگی وتووێژی دولایەنە لەسەر چەندین بابەت و بەتایبەت بابەتی پەیمانی کەم کردنەوەی چەک و چۆڵی هێرشی ڕێگەکاری ( ئیستارتی 2) پێداگری کرا.جێی باسە کە ئامریکا و ڕوسیە لە بابەتی کۆنترۆڵی چەک و چۆڵ، ناکۆکیان هەیە و ئەمەش کاریگەری لەسەر پێوەندی ئەو دوو وڵاتە داناوە.

ئەم دوو ووڵاتە سەبارەت بە پەیمانی ئیستارتی—٢ کە خولی ئێعتباری لە مانگی فوریەی ساڵی داهاتوو کۆتایی پێ دێت، لە حاڵی وتووێژدان، و دانوستانی ئەو دوو ووڵاتە تا ئێستا بۆ نوێکردنەوەی ئەم ڕێکەوتنە دو لایەنە بۆ کۆنترۆڵی چەک و چۆڵی هێرشی، بێ دەرئەنجام بووە و وا دیارە کە واشێنگتون مەیلی بە نوێکردنەوەی نییە. لە ڕاپۆرتەکەی کۆشکی کرملین دا هاتووە: لە وتووێژی تەلەفونی نێوان پوتین و ترامپ، پێداگری لەسەر گرنگیپێدانی زۆری پێشنیاری لایەنی روسی بۆ بەڕێوەچوونی دانیشتنی سەرانی پێنج ئەندامی هەمیشەیی شۆڕای ئەمنیەتی بۆ تاوتوویکردن و ڕاگۆڕینەوە، بەتایبەت بەشێکی بەرفراوان لە بابەتی ئەمنیەتی نێونەتەوەی.هەروەها دولایەن سەبارەت بە دۆخی بەرنامەی ناوکەیی ئێران قسەیان کرد، و لەپێوەند بە زەرورەتی هەوڵدانی گشتی بۆ پاراستنی دامەزراوەیی ناوچەیی و سیستمێکی جیهانی بۆ بەرگری لە بلاوبونەوەی ناوکەیی، پێداگریان کردووە. ڕوسیە و ئامریکا سەبارەت بە ڕێگەکاری چارەسەری ناکۆکیەکانی بەرنامەی ناوکەیی و بەرجام، ڕای جیاوازیان هەیەو لە حاڵێکدا کە واشێنگتۆن زیاتر لە دوو ساڵە لەم ڕێکەوتنە هاتۆتە دەرەوە، مۆسکو سەبارەت بە زەرورەتی جێ بەجێ کردنی تەواوەتی و بڕیارنامەی ٢٢٣١ ی شۆڕای ئەمنیەت و پارێز لە گەمارۆی ئێران، پێداگری دەکات.

## ڤیرۆسێکی مەترسیدارتر لە کرۆنا!



بەهۆی سیاسەتی دژە گەلی ڕژێمی ئاخوندی ئێران، خەڵکی ئەو وڵاتە لەئێستادا لەکۆرۆنا ناترسن! بەهۆی زۆری و بەرزبوونەوەی ڕۆژانەی قەیران و نەهامەتیەکانی ئەو خەڵکە زوڵم لێکراوە. ئەو کەسەی کە کارەکەی لەدەست داوە، ئەوەی کە پوڵی کڕینی دەرمانی نیە، ئەوەی کە بە برسیەتی دەخەوێ، ئەوەی کە نە ئەمنیەتی گیانی هەیە و نە ئەمنیەتی خۆراکی، کەواتە لەچی بترسێ؟!. محەممەد عەلەوی بەرپرسی ناوەندی تەندروستی 30ی پوشپەڕی 99، دەڵێت: لەکاتێکدا دەرامەد زۆر کەمی کردووە و باقی شتەکانیش گران دەبن وەکوو کرێ خانوو، نرخی ئاو نرخی کارەبا، ئیتر پوڵێک نامێنێتەوە بۆ خێزانەکان کە بیانهەوێ مەوادی خۆراکی بکڕن، لێرەدایە کە دەڵێین ئەمنیەتی خۆراکی نیە. لەلایەکی ترەوە کرێکارانی ڕۆژکار دەڵێن 5 ڕۆژی مابوو بۆ مانگی خاکەلێوە واتە لەدوای ساڵی تازەوە ئێمە بێکارین، ئێستاش کە دەبینن لەم بەر و لەوبەری شەقامەکاندا کرێکار دانیشتوون و بێکارن. ڕۆژنامەی ئێعتمادی ڕژێم نوسیویەتی: یەکەم ڕۆژی مانگی گەلاوێژی 99، لەدوای 40ساڵ دروشمی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، 60ملیۆن کەس پێویستیان بە هاوکاری و یارمەتیدان هەیە، کەوایە لەو ساڵانەدا چیمان کردووە؟.

لەلایەکی ترەوە هاووڵاتیەک دەڵێت ئەمە دەرئەنجامی 42ساڵ حکومڕانی ئەم ڕژیمە گەندەڵ و دز و مرۆڤ کوژەیە، لە چ شوێنێکی ئەم دونیایەدا منداڵێکی 5ساڵە مەجبورە کار بکات؟

ئەمانەو بە دەیان و سەدان دیاردە و نەهامەتی و قەیرانی تاقەت پروکێن بەرۆکی خەڵکی ئەو وڵاتەی گرتووە و ژیانی لێکردوون بە دۆزەخ، کەوایە خەڵکی ئەو وڵاتە خۆیان لەگەڵ ڤایرۆسێکی گەورەتر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا دەست و پەنجە لێدەدەن.

## ڕژیمی ئێران بەشێوەی ئاشکرا پێوەندی لەگەڵ تاڵیبان هەیە.



مریەم سەما ئەندامی مەجلیسی نوێنەرانی ئەفغانستان لە تویتێکدا بە ئاماژە بە وتووێژی تایبەتی عەباسی عەراقچی جێگری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەگەڵ کاناڵی (طلوع) نیوز نوسی: حکومەتی ئێران چەندین ساڵە دەست تێوەردان لە دۆخی ئەفغانستان دەکات و چەندین بەڵگەی ئاشکرا هەیە ئەوە دەسەلمێنێ کە ڕژیم بەئاشکرا لەگەڵ تاڵیبان پێوەندی هەیە.

سەما لەدرێژەدا نوسی: ئێستا عەراقچی " داخوازی ئەوەیە کە تاڵیبان لە پێکهاتەی هێزی سیاسی ئەفغانستان بەشدار بێ. وەزارەتی دەرەوەی ئەفغانستان وادیارە لەخەودایە و هەروا بابەتی تاوانی هێزەکانی سەرسنووری ئێرانی لە ڕوباری هەریر"و توند و تیژیەکانی یەزدی لەبیرکردووە، و بەم دەستێوەردانانەش بێهەڵوێست دەبێ.وتووێژی عەباسی عەراقچی"لەگەڵ کاناڵی طلوع نیوز، بلاوکرایەوە و بابەتی پەنابەرانی ئەفغان لە ئێران و پێوەندی ئێران لەگەڵ تاڵیبان و هەناردەکردنی پەنابەرانی ئەفغان لەژێرناوی فاتمیون"بۆشەڕی سووریە، لەبابەتە هەرە گرنگەکانی ئەم وتووێژە بوو.عەباسی عەراقچی جێگری سیاسی وەزارەتی دۆخی دەرەوەی ئێران تەئکیدی کردەوە کە دەوڵەتی ئێران لەگەڵ تاڵیبان پێوەندی هەیە بەڵام پێوەندێکی سیستماتیک نیە.

## بە لابردنی گەمارۆی چەک و چۆڵی ڕژیم، شەڕ و پێکدادان لە سوریە و شوێنەکانی دیکە زیاتر دەبێت.



برایان هۆک دەڵێت: بە هەڵگرتنی گەمارۆی سەر چەک و چۆڵی ڕژیمی ئاخوندی، پێکدادانەکان لە سوریە و باقی شوێنەکانی تر زیاتر دەبێ.هەواڵدەری ڕۆیتەرز: برایان هۆک نوێنەری تایبەتی وەزارەتی دەرەوەی ئامریکا بۆ کاروباری ئێران، ڕۆژی یەکشەممە 5ی گەلاوێژ، لەدرێژەی قسەکانی دا بۆ ئەو هەواڵدەریە ووتی: ڕژیمی ئاخوندی زۆرجار ئەو گەمارۆیانەی پێشێل کردووە و درێژەی بەکاری خۆی داوە.گەمارۆی چەک و تەقەمەنی لە دژی ئێران ، ماوەی 13ساڵە بەردەوامە بەڵام بە پێی بڕیارنامەی 2231 ی ئەنجومەنی ئاسایش کە بۆ پشتیوانی کردن لە ڕێکەوتنی ناوکەیی پەسەند کراوە، دەبێ لە 18ی ئۆکتۆبەر (27ی ڕەزبەری 1399) کۆتایی پێ بێت.ناوبراو هەروەها ووتی: ئەگەر ئەم وڵاتانە ڕێگە بدەن کە مۆڵەتی گەمارۆیی چەک و تەقەمەنی لە دژی ئێران کۆتایی پێ بێت، ئاستی ئاشتی و ئاسایش لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دادەبەزێت، و هیچ کەسێک باوەڕی بەوەنیە کە ئێران دوبارە توانای کڕین و فرۆشتنی چەکی هەبێت.ئامریکا لەسەر مەترسیداربونی بەسەرچوونی ڕێکەوتی گەمارۆکانی سەر چەک وتەقەمەنی لە دژی ئێران پێداگری کردۆتەوە، و لەو ماوەدا بۆ بەرگری کردن لە هەڵوەشاندنەوەی گەمارۆیی چەک و تەقەمەنی لە دژی ئێران، هەڵمەتێکی وەگەڕخستووە، و پێش نوسێکی پێشکەش بە ئەنجومەنی ئاسایش کردوە. ڕوسیە و چین لەو وڵاتانەن کە دەیانهەوێ ئەم گەمارۆیانە هەڵبوەشێتەوە، بەڵام ئامریکا هەوڵ ئەدات ڕازیان بکات، وهەر لەو پێوەندیەدا ولادیمێر پوتین و دۆناڵد ترامپ، سەرۆک کۆماری ڕوسیە و ئەمریکا، لە ڕێکەوتی 2ی جۆزەردان وتووێژێکی تەلەفونیان هەبوو.

## نەتانیاهو: حیزبوڵڵا یاری لەگەڵ ئاگر دەکات!



بنیامین نەتانیاهو، سەرۆک وەزیری ئیسراییل لە بەرانبەر پێکدادانی سوپای ئیسراییل لەگەڵ حیزبوڵلا لەسنوری لوبنان، ڕۆژی دوشەممە 6ی گەلاوێژ، هەڵوێستی گرت و هۆشداری دا بە گروپی حیزبوڵڵای لوبنان و وتی: حیزبوڵلا یاری لەگەڵ ئاگر دەکات. بەرپرسانی ئیسراییل ڕایانگەیاند کە ژمارەیێک لە هێزەکانی حیزبوڵڵا بە تەمابوون بڕۆنە نێو خاکی ئیسراییل،کە بەهۆی بەرپەرچدانەوەی سوپای ئەم وڵاتە، ناچار بە پاشەکشە بوون. بەڵام حیزبوڵڵای لوبنان لە ڕاگەیێندراوێکدا ئەم وتانەی ڕەد کردەوە و وتی: لەڕووداوەکانی ڕۆژی دوشەممە دابەهیچ شێوەیێک شەڕو پێکدادان و یا تەقەکردن لەلایەن حیزبوڵڵاوە ڕوی نەداوە و ئەوەی کە ڕوویی دا، تەنیا لەلایەن سوپای ئیسراییلەوە بووە. بەڵام بنیامین نەتانیاهو شەوی دوشەممە وتی: حیزبوڵڵا و دوڵەتی لوبنان لەبەرانبەر هەوڵی ئەم گروپە کە ویستویانە بچنە نێو سنوری باکوری ئیسراییل بەرپرسیارن. سەرۆک وەزیری ئیسراییل وتی: حیزبوڵلا یاری لەگەڵ ئاگر دەکات و وەڵامی ئێمە زۆر توند دەبێت.هەروەها وتەبێژی سوپای ئیسراییل ڕۆژی دوشەممە وتی: چەکدارەکانی ئیسرائیل توشی هیچ خەسارەتێک نەبون و ئەو هاوڵاتیانەش کە بۆ ماوەیێک هاتنە دەرەوەیان لەماڵ بۆ چەندین ساعەت قەدەغە کرابو، دەتوانن ژیانی ئاسایی خۆیان دەست پێبکەنەوە. بە پێی ڕاپۆرتی مێدیاکانی ئیسراییل بنیامین نەتانیاهو، لەگەڵ بنی گانتس" وەزیری بەرگری وئاڤیڤ کوخاوی" سەرۆکی سوپا، چەند چرکەیێک پاش ئەم ڕوداوە ڕۆیشتون بۆ مەقەڕی تێل ئاڤیڤ" تا پشکنین بۆ هەڵوێستەکانی دواتری ئیسراییل بکەن. بنیامین نەتانیاهو لە تویتێرێک دا نوسی: سیاسەتی دوڵەتی ئەو ڕوونە و ڕێگە بە ئێران نادەین لە سنووری سووریە بنکەی نیزامی دامەزرێنێ.ئەمە سیاسەتێکە کە چەندین ساڵ لەمەوپێش دیاری کراوە و ئێستاش هەر لەسەر ئەو ڕەوتە بەردەوامین.هەروەها لە درێژەدا وتی: لوبنان و حیزبوڵلا لەبەرانبەر هەر چەشنە ڕوداوێیک بەرپرسیارن و ئیسراییل بۆ هەر شێوە سیناریۆێیک ئامادەیە. ئەمە لەکاتێکدایە کە حیزبوڵڵای لوبنان لە حەوتوی ڕابردودا وتی: بە کوشتنی عەلی کامل موحسین" چەکداری نیزامی ئەم گروپە، شەوی 30ی پوشپەر، بەهۆی هێرشی ئیسراییل لە ناوچەی ئەلکەسوە" لە دەوروبەری فرۆکەخانەی سەربازی دیمەشق کوژرا، هەڵوێست نیشان ئەدات.

## پاشماوە ی ڕاگەیندراوی کومیتەی ناوەندی لە لاپەڕەی یەک دا:

...پێشخستنی سازمان وڕێبازی ڕێبەری نەمرماندا،فیداکارانەو دڵسۆزانە لە بەڕێوە بردنی هەر ئەرکێکی سازمانی و شۆڕشی ڕەوا بەرانبەر ڕژیمی ملهوڕی ئاخوندی خۆ نەبوێرن و بەو پەڕی باوەڕ بە خۆ بوون و تەبایی و خۆشەویستی بۆ یەکتر و سازمانەکەمان وگەیشتنی گەلی کورد بە مافەکانی و ڕوخانی دەسەلاتی دواکەوتوو و مرۆف کوژی ئاخوندی تێ بکۆشین، تا بە هەموومان بتوانین ئەرکی پێسپێردراومان کە درێژەدان بە ڕێبازی شەهیدان و لە سەروی هەمویانەوە مامۆستای ڕێبەر و سەرکردە و سەروەرمانە، بەباشی بەڕێوەبەرین.

درود و سڵاو بۆ گیانی پاکی مامۆستای نەمرمان. هەر شەکاوەبێ ئاڵای بەرزی ڕێبازی پڕ لەسەروەری و شانازی سازمانی خەبات،ی کوردستانی ئێران. بژی کورد، ئازاد و ئاوەدان بی کوردستان

کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران .